# عاریفانی کوردو فۆڕمە کوردانەکەی ئایین

سالآنێکە دەڵێم: ئێمەی کورد پێویستیمان بە گوتارێکی کوردستانییانەی ئایینی هەیە، کە گوتاریش بەرهەمێکی کەڵەکەبووی کۆ بێت لە بوارێکدا، بە زمانێك، لە زەمین و زەمانێکدا، ئەوسا بووژاندنەوەی گوتاری ئایینی کوردی کە عاریفانی پێشینی کورد بناغەکەیان داناوە، بە چەمکە جوانەکانی تێگەیشتنی کوردانەیان لە ئایین، ئەوە دەبێتە ئەرکێکی لەپێشینەی ئەم سەدەیەمان لەم نیشتمانەدا.

ئێستا ئەگەر سەرنجێکی خێرا بدەین لە هەندێك لایەنی ئەو گوتارە ئایینییەی پێشینانی کورد، دەبینین ئەم سیفەتە جوانانەی لەخۆ گرتووە، چونکە گوزارشتە لە ئیسلامێکی کوردی و تێگەیشتنێکی کوردانە لە ئایین، بۆیە گوتاری ئایینیی پێشینانی کورد:

● ١. گوتارێکی جوانخوازییە:

مامۆستا سەجادی دەڵێت: ***مەلای جزیری سەر دەفتەری شیعری تەڕی ئەوینی خوداییە و خاوەنی دڵێکی زیندووە.***

مەلای جزیری دەڵێت: ***کەسێ یوسف فرۆتی، وی د عالەمدا، خەسارەت کر.***

یان دەڵێت: ***مە ژ بل حوسن و جەمالێ چ غەرەز؟***

یان دەڵێت: ***حوسن و جەمالێ خواست ئەڤین..***

دواتر دەڵێت: ***وەر شیعرێ مەلێ ببینە  تە ب شیرازی چ حاجەت؟***

● ٢- گوتاری کۆکردنەوەی گوفتارو رەفتارە، گوتاری کارخوازییە:

بڕوانە مەحوی کە دەڵێت:

***لەگەڵ ئەم عیلمە مەحوی، داغداری جەهلە تۆ تەوفیق***
***تەبیبی بۆ مەریزی دەردی عیلمی بێعەمەل چارێ***

● ٣-گوتارێکی پاکخوازە: بەدیعوززەمان سەعیدی کوردی لە (پاشبەندەکان)دا دەڵێت: ***خزمەتی ئیمان و حەقیقەتەکانی لەهەموو شتێکی ناو گەردوون گەورەترن و نابن بە ئامراز بۆ هیچ شتێك.***

یان مەحوی دەڵێت:

***قسە گەر عیقدی گەوهەر بێ غەرەز دەیکا بەخەر موهرە***
***چ بوغزێکت لەوەعزایە واعیز وا پڕ لە ئەغرازی***

● ٤. گوتارێکی چاکەخوازە: وەك شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵیس کە لە ١٨٥٨ زایینیدا کۆچی دوایی کردووە، حاجی قادری کۆیی لەبارەیەوە دەڵێت: ***شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵیس غەوسی سانی بووە.***

مامۆستا (عەبدولکەریمی مودەڕیس)یش دەڵێت: ***سەردەمی شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵیس سەردەمی زێڕین بووە.***

شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵیس دەڵێت: ***بەجێگەیاندنی دڵی شکستە، کاری مەردانە.***

(پیرەمێرد)یش دەڵێت:



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

***ئەوەی بەچاکەی خۆی خۆشیان دەویٚ***
***دەستگیری زۆرە ئەگەر بشکەویٚ.***

● ٥- گوتارێکی مرۆڤدۆستە: وەك كاك ئەحمەدی موفتیزادە دەڵێت: ***سوێند بەخوا ئامادەم لە تەواوی عومرم ئەزیەت و ئازارو ئەشکەنجە بچێژم، بەو شەرتەی کە تەواوی بەندەکانی خوا بەختەوەر بن.***

هەروەها دەڵێت : ***خودایە لەسەر من هیچ بەندەیەك عەزاب مەدە.***

● ٦- گوتارێکی ناخ دوێنە: وەك مەولەوی دەڵێت:

***پەی چێش مەیل لەیل پیریش مەحاڵەن***
***سەنەی باڵغیش سەد هەزارساڵەن***

● ٧- گوتارێکی نەتەوەخوازە: وەك شێخ محەمەدی خاڵ، کە تا رادەی خواپەرستیی باوەڕی بە کوردایەتی هەبووە.

یان کاك ئەحمەدی موفتیزادە کە دەڵێت:

***نیشتمان ئەی بەربەیانت رۆشنیی ئیمانمە***
***نیشتمان ئەی ئێوارانت خەڵوەتی عیرفانمە***

● ٨- گوتارێکی نوێسازە: وەك ئیبراهیمی مەردۆخی خاوەنی (تیشکیٚ لەقورئانی پیرۆز) دەڵێت: ***کاك ناسری سوبحانی بەهەر نووسەرێکی ئایینی دەگوت: ئەگەر تازەت پێیە بنووسە، ئەگەر نا، کتێبخانەکان بە شتی کۆن پڕ مەکەرەوە.***

● ٩- گوتارێکی هونەردۆستە: وەك مینۆرسکی دەڵێت: ***دوو کەس دیارن لە ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتدا، یەکەم ئەبولقاسمی فیردەوسی، دووەم سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی، بۆیە مەولەوی لە ساتەوەختی بینینی شاییەکدا کە نەبات ناوێك و فەرەج ناوێك بە جیا گۆرانییان بۆ ئافرەتان و پیاوانی نێو شاییەکە گوتووە، دەڵێت:***

***لە سەدای نەبات لە چریکەی فەرەج***
***لەسەر مەلا و شێخ نەماوە حەرەج***

● ١٠- گوتارێکە دوورە لە ریا: وەك وەفایی دەڵێت: ***نوێژێکی گێژو وێژ بیٚ، بە ریاو دوور و درێژ بیٚ ..موشکیل ئەو پووشە وشکە، بێتە مایەی نەجاتم***

● ١١- گوتارێکی عەقڵانیی دوور لە خورافاتە: وەك مەلای گەورە دەڵێت: ***عیسا لە ئاسمان مەهدی لەناو بیر..ئیشمان شلۆقە یاران چ تەدبیر؟***

● ١٢- گوتاری رووخۆشی و خەندە بەخشە:

وەك دەبینین کە مامۆستا عەلائەددین سەجادی لە (رشتەی مرواری)یدا سەدان نوکتەی کوردەواری کۆکردۆتەوە.



**ڕێبوار تاڵەبانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:**

# ئەو عەسکەرتاریەتییەی لە کەرکووک هەیە بارێکی مەترسیداری گەندەڵیشی هاتۆتەسەر

# ئەو پارێزگارەی یەکێتی بەنیازە لە کەرکووک دایبنێت ناشەرعی و بێدەسەڵات دەبێت

**ئاشکرایە چارەسەرکردنی ڕەوشی عەسکەرتاریەت لە شاری کەرکووك و بەردەوامبوونی دۆخی نەخوازراوی ئەو شارە پێویستی بە گرتنەبەری ڕێکاری دەستووری هەیە، نەك هەوڵی لاوەکی و نایاسایی کە بنەهۆی قووڵکردنەوەی کێشەکان و زیانگەیاندنی زیاتر بە بەرژەوەندییەکانی کورد و خەڵکی شارەکە. ئەمانەو چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك.**

*** پێش هەموو شت دەمانەوێت بزانین ئایا دکتۆر نەجمەدین کەریم ئەو پارێزگارەی کە ئێوە متمانەتان داوەتێ، ئەو متمانەیەتان لێ وەرگرتۆتەوە، کە ئێستا باس لە دانانی پارێزگارێکی دیکە دەکەن؟ ئایا تا متمانە لە دکتۆر نەجمەدین وەرنەگیرێتەوە پارێزگارێکی دیکە دادەنرێت؟**

- نەخێر، بەدڵنیاییەوە، با ئێمە لەم ڕووەوە بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو، چونکە کاتی خۆی لە پەرلەمانی عێراقدا گەلەکۆمەکییەك کرا بە سەرکردایەتی نیاز میعمار ئۆغلو کە کۆمەڵێك کەس لەبەرەی تورکمانیش پشتگیرییان کردو بەداخەوە هەندێك لە برادەرانی کوردیش -کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ د.نەجمەدین کەریم یەکتری نەدەگرتەوە، پشتگیری ئەو پێشنیارەیان کردو کۆمەڵێك واژووشیان بۆ ئەو مەبەستە کۆکردەوە و بڕیاری ئیقالەکردنی د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووکیان دا و لە پاشان ئەو بڕیارە گەیشتە لای سەرۆك کۆمار، بەداخەوە ئەویش واژووی لەسەر ئەم بڕیارە کرد. بەڵام لەو کاتەی لەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاری ئیقالەکردنی د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووکمان بەدەست گەیشت، من خۆم وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکووك لە دانیشتنێکی ئەنجومەنی پارێزگا خستمەڕو و بە کۆیی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا ئەو بڕیارە ڕەتکرایەوە، چونکە بەپێی یاسایی ٧١ی برێمەر، تەنیا بەئەنجومەنی پاریزگا دەسەڵاتی لادانی پارێزگاری هەیە و ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکووکیش ئەم بڕیارەی ڕەتکردەوە، بۆیە د.نەحمەدین هەر پارێزگاری شەرعی و یاسایی پارێزگای کەرکووکە و تا ئێستاش هیچ گفتوگۆیەك دەربارەی پارێزگاری تازە بۆ کەرکووك نەکراوە.

**تەنیا بەئەنجومەنی پاریزگا دەسەڵاتی لادانی پارێزگاری هەیە و ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکووکیش ئەم بڕیارەی ڕەتکردەوە، بۆیە د.نەحمەدین هەر پارێزگاری شەرعی و یاسایی پارێزگای کەرکووکە و تا ئێستاش هیچ گفتوگۆیەک دەربارەی پارێزگاری تازە بۆ کەرکووک نەکراوە**

*** سەرۆك و بەشێکی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك ئێستا لەو شارە دەوامی ئاسایی خۆیان ناکەن، زۆرجار ئێوە ڕاشکاوانە**

**راتانگەیاندووە کە کەرکووک رەوشێکی سەربازی هەیەو ئامادە نین تا ئەو بارودۆخە بەردەوام بێت، بچنەوە کەرکووک، ئایا دەتوانن لە دەرەوەی کەرکووک پارێزگارێکی دیکە بۆ کەرکووک دابنرێت؟**

- بەڵێ، ئێمە ئەوەمان راگەیاندوە کە رەوشی شاری کەرکووک بە سەربازی کراوەو ئەمەش پێچەوانەوەی دەستوورە و نابێت سوپا و هێزی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی سیاسی بەکار بهێنرێت. ئەوە بوو ئێمە داواکارییەکانمان بەرزکردەوە بۆ سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆمار و سەرۆك پەرلەمان، بەڵام دوای ئەوەی وەڵامیان نەداینەوە، ئێمە لە دادگای فیدراڵی سکاڵامان لەسەر سەرۆك وەزیران تۆمار کرد، لەسەر بنەمای ئەوەی کە دەستووری پێشێل کردووە. ئێستاش چاوەڕوانی دەستنیشانکردنی دانیشتنی دادگای فیدراڵین لەسەر سکاڵاکەمان، کە بەداخەوە ئەوە شەش مانگ بەسەر تۆمارکردنی سکاڵاکەماندا تێپەڕیوە، هێشتا رۆژێکیان دیاری نەکردووە بۆ دانیشتن لەسەر سکاڵاکە، هەر بۆیە گومانمان هەیە لە بەسیاسەتکردنی ئەو کەیسە گرنگەی ١٦ی ئۆکتۆبەر کە مەترسیدارترین رووداوە کە لە دوای ٢٠٠٣ لە عێراق روویداوە، چونکە ئێمە دەزانین رژێمی سەدام حوسین هەر لەبەر بەکارهێنانی سوپا بوو رووخا کە بۆ لێدانی نەیارانی و لەناوبردنی کورد بەکاریهێنا. سەبارەت بەوەی ئایا لە دەرەوەی کەرکووك کۆبوونەوە بکەین، ئەوا بێگومان ئێمە دەتوانین وەکو ئەنجومەنی پارێزگا کۆببینەوە و لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دوو جار داوام کردووە کۆ ببینەوە و هەر سێ کوتلەکە ئامادە بن هەر شوێنێکیان پێ باشە شاری بەسرە بێت، یان نەجەف و کەربەلا بێت، یان بەغدا و هەولێر و سلێمانی بێت، هەر شوێنێك لە عێراق بێت کە کێشەی دەستووری و ئەمنیی نەبێت، بەڵام لە ئێستادا رەوشی کەرکووك ناسەقامگیرە و دۆخێکی نادەستووریش هەیە. چونکە بارەگای پارتە سیاسییەکان داگیرکراوە و ماڵی ئەندامەکانیان داگیرکراوە و ئاڵای کوردستانیان پێشێل کردووە. بە کورتی حوکمێکی سەربازی لە کەرکووك باڵادەستە و ئێمەش ناتوانین لە سایەی ئەم هەلومەرجەدا کۆبوونەوە بکەین.

**لە دادگای فیدراڵی سکاڵامان لەسەر سەرۆک وەزیران تۆمار کرد، لەسەر بنەمای ئەوەی کە دەستووری پێشێل کردووە. ئێستاش چاوەڕوانی دەستنیشانکردنی دانیشتنی دادگای فیدراڵین لەسەر سکاڵاکەمان**

**نەک تەنیا یەکێتی، بەڵکو پارتی و یەکگرتوو هەموو حزبەکانی تری ناو لیستی برایەتی بە کۆی دەنگ پێیانخۆشە کە پارێزگاری کەرکووک کورد بێت، چونکە ئەو پۆستە ئیستحقاقی کوردە، بۆیە هەر هەموومان هەوڵدانمان بۆ ئەوەیە کە ئەو پۆستە هەر بۆ کورد بێت**

*** خەریکە جارێکی دیکە گەمەیەکی دیکە لەسەر چارەنووسی کەرکووك دەکرێت و بێ ئەوەی بارودۆخەکە ئاسایی بێتەوە، یەکێتی نیشتمانی پێداگری لەسەر دانانەوەی پارێزگاری کەرکووك دەکات، ئایا ئەم پێداگرییەی یەکێتی لەسەر دانانەوەی پارێزگاری کەرکووك دەیکات، تاچەند شەرعیەت بە عەسکەرتاریەتی شارەکە دەدات؟**

- نەك تەنیا یەکێتی، بەڵکو پارتی و یەکگرتوو هەموو حزبەکانی تری ناو لیستی برایەتی بە کۆی دەنگ پێیانخۆشە کە پاریزگاری کەرکووك کورد بێت، چونکە ئەو پۆستە ئیستحقاقی کوردە، بۆیە هەر هەموومان هەوڵدانمان بۆ ئەوەیە کە ئەو پۆستە هەر بۆ کورد بێت، بەڵام ئەمەش دەبێت بە رێکاری ئاسایی و یاسایی و دەستووریدا بڕوات و لە رەوشێکی ئارامدا بێت، هەروەها ئێمە پێمان خۆشە پارێزگارەکە دەسەڵاتی تەواوی هەبێت. دواتر ئێمە داوامان لە دادگای فیدراڵی و سەرۆك وەزیران کردووە کە دەسەڵاتی ئەمنی رادەستی دەسەڵاتی مەدەنی بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو عەسکەرتاریەتە لە کەرکووکدا نەمێنێت، چونکە ئەگەر بمێنێتەوە، ئەوا پارێزگار هیچ دەسەڵاتێکی نابێت. واتە ئەگەر لەم رەوشەدا پارێزگاریش دابنێین- کە من دەزانم ئەمە لە دڵسۆزی پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو و حزبەکانی دیکەیە- ئەوا هیچ دەسەڵاتی نابێت و ئەمەش نە لە بەرژەوەندیی کورد و نە لە بەرژەوەندی شارەکەدا دەبێت.

*** هەندێك لەکادیرانی یەکێتی نیشتمانی لە هەوڵی ئەوەدان کە لیستی برایەتی کەرت بکەن و خۆیان تاکلایەنە نیسابی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك تەواو بکەن و کۆبوونەوە بکەن، ئایا ئەو کۆبوونەوەیە دەکرێت؟**

- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە بەندە بە دوو خاڵەوە، کە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بە پلەی یەکەم رێکی خستووە کە دەبێت سەرۆکی ئەنجومەن بڕیار بدات کۆبوونەوە بکرێت و دەبێت هەموو رۆژی سێشەممان کۆبوونەوە ئەنجام بدرێت. من خۆم بە فەرمی دوو تا سێ جار داوای کۆبوونەوەم کردووە، بەڵام ئەوە کوتلەکانن کە رازی نین بە

کۆبونەوە، واتە ئەوە ئەوانن کە بەرپرسیارن لە ئەنجامنەدانی کۆبوونەوە. لەم روانگەیەوە هەر گردبوونەوەیەکی دیکە لە چوارچێوەی کۆبوونەوە دەربچێت، دەبێتە کۆبوونەوەی راوێژکاری و بڕیارەکانی پەسەند ناکرێن، هەر بڕیارێکیش دەربکات یاسایی نییە. لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێت و نیسابیش تەواو بێت، ئەوا ئەمە لە بەرژەوەندی کورد تەواو نابێت و لە بەرژەوەندی حزبەکانیش نابێت و پرسیارەکەی منیش ئەوەیە بۆچی ئێمە بچنە نێو ئەو هاوکێشەیەوە کە هەر لە سەرەتاوە دەزانین دۆڕاوین تێیدا؟ ئەوەی پەیوەست بێت بە هەوڵی یەکێتییەوە، ئەوا هەندێ لە برادەرانیان هاتنە هەولێر و لەگەڵ پارتی کۆبوونەوەیان کرد و لەو بابەتەیان خستەڕوو و پێیان خۆشە پارێزگارێك هەبێت، چونکە بارودۆخی کەرکووك شڵەژاوە و خەڵکی نارەحەتن و دوچاری دڵەڕاوکێ بوونەتەوە و تووشی زەرەرێکی زۆربوون. بۆیە ئەوان بە تێڕوانینی خۆیان دەیانەوێت بارودۆخەکە باش بکەن و پارێزگارێك دابنێن و یەکێتی بێت. بەڵام ئەگەر ئەو پارێزگارە داشبنرێت، ئەوا یاسایی نابێت، خاڵی دووەم ئەوەیە کە دەسەڵاتی نابێت. دواتر با ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ئەوان چۆن دەتوانن وەك کەمینەیەك پارسەنگ دروست بکەن لە بەرامبەر ١٥ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کە ٩ئەندامیان تورکمانە و ٦ئەندامیشیان عەرەبن. لەبەر ئەوە لە بنەڕەتدا بەرژەوەندی پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکەش ئەوەیە کە ئەو کۆبونەوەیە نەکرێت، چونکە ئەگەر خوانەخواستە بکرێت، ئەوا بە دەستی خۆمان شەرعیەت بە پارێزگارە عەرەبەکە دەدەین و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاشمان لە دەست دەردەچێت، کە بەندە وەك سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك تا ئێستا بڕیارە دارایی و کارگێڕی و یاساییەکان دەدەم.

*** لە کەرکووك دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر سیاسەتی تەعریب دەستی پێکردۆتەوە و لایەنە کوردستانییەکان داوای ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە دەکەن، بەڵام یەکێتی داوای بەمەدەنیکردنەوەی شارەکە دەکات، ئایا دەتوانرێت لەناو ژینگەیەکی عەسکەرتاری و حوکمی عورفیدا باس لە مەدەنیکردن بکرێت؟**

- بە تەئکید لەسایەی بارودۆخێکی عەسکەرتاریەت و حوکمی عورفدا ناکرێت باسی بە مەدەنیکردن بکرێت. من کاتی خۆی و لە دوو رۆژ دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر، لە١٨ی ئۆکتۆبەر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا داوای ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووکم کرد. هەروەها لە مانگی ١١ و ١٢ی ٢٠١٧دووبارە داوای ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووکم کردووە، بەڵام کەس بە دەنگی داواکەمان نەهاتووە تا ئێستاکەش بارودۆخەکە هەر عەسکەرتاریەتە، مەدەنی و عەسکەرتاریەت دوو شتی زۆر جیاوازن و دژبەیەکن و لەیەك کاتدا ناتوانرێت لە شوێنێکدا هەبێت، بەڵکو دەبێت حوکمە عورفی و عەسکەرتاریەتییەکە نەمێنێت، کە ئێستا ئەمە لە کەرکووکدا لەئارادایە. هەربۆیە ئێستاکەش ئێمە داوادەکەین حوکمی شاری کەرکووك بە مەدەنی بکرێتەوە، ئەو کات هەموو شتێکمان پێ دەکرێت.

*** ئەوەی گوێبیستی بووین هەردوو لایەنی تورکمان و عەرەب داوای دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگای کەرکووك دەکەن بە رێژەی لە ٣٢٪ بۆ کورد و عەرەب و تورکمان و لە ٤٪ بۆ سریان و ئاشوور و کلدان، باشە ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگار بە ئیستحقاقی ئینتخابی دیاری بکات، ئەم چەمکی لە ٣٢٪ چۆن هاتە ناو پرۆسەکە؟ ئایا ئێوە وەکو ئەنجومەنی پارێزگا لەگەڵ ئەمەدان؟**

- پێشنیاری دابەشکردنی پۆستەکان لە نێوان پێکهاتەکانی شاری کەرکووك بە رێژەی ٣٢٪ بۆ هەر یەك لە کورد و عەرەب و تورکمان و ٤٪یش بۆ کلدو ئاشووری و سریان پێشنیاری خوالێخۆشبوو مام جەلال بوو کە ئەو کات سەرۆك کۆمار بوو لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ بوو کە بارودۆخی عێراق بەگشتی زۆر خراپ بوو، عێراقیش لە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتدا بوو. بارودۆخی کەرکووکیش زۆر ئاڵۆز بوو، ئەم پێشنیارە بۆ قۆناخێکی کاتی بوو، ئێمە لەو کاتەشدا زۆرینەی لایەن کوردییەکان ئەو رێژەیەمان بەدڵ نەبوو، بەڵام لەو کاتەدا ئەوەمان لەبەرچاو گرت کە لەبەر ئەوەی بارودۆخی عێراق خراپەو کەرکووکیش چەقی کێشەکانە دابەشکردنی پۆستەکانی

**پێشنیاری دابەشکردنی پۆستەکان لە نێوان پێکهاتەکانی شاری کەرکووک بە رێژەی ٣٢٪ بۆ هەر یەک لە کورد و عەرەب و تورکمان و ٤٪یش بۆ کلدو ئاشووری و سریان پێشنیاری خوالێخۆشبوو مام جەلال بوو کە ئەو کات سەرۆک کۆمار بوو**

**عەرەب و تورکمانەکان خوازیارن ئەو پارێزگارە عەرەبەی هەیە، بمێنێتەوە و ئەنجومەنی پارێزگاش هەرئاوا بێت و کارا نەکرێتەوە، چونکە ئەوان وای وێنا دەکەن کە لەو ١٣ساڵەی رابردوودا ستەمیان لێکراوەو ئەم هەوڵانەش خۆڵکردنە چاوی خەڵکەکەیە**

شاری کەرکووکمان بەو ڕێژەیە قبووڵ کرد بە مەرجێك لە فەرمانبەری پلە سەرەتاییەکانەوە تا گەورەترین پۆستی باڵا بەپێی ڕێژەکە بێت، بەڵام بەداخەوە دوو حزب، ناڵێم پێکهاتەی عەرەب و تورکمان، خۆیان بە نوێنەری ئەم دوو پێکهاتەیە دەزانی و بەم ڕێژەییە رازی نەبوون، چونکە لەو کاتەدا ڕێژەی دامەزراندنی عەرەب لە پۆستەکانی کەرکووکدا لە سەرووی ٥٠٪ بوو، ڕێژەی تورکمانیش زیاتر لە٣٠٪ بوو، ڕێژەی کورد تەنیا ١٦٪ بوو، واتە لەو کاتەدا ئەم ڕێژەیە بۆ ئێمە قازانج بوو. بەڵام ئەوان لەو کاتەدا بەم ڕێژەیە رازی نەبوون. ئێستاش یەکێتی کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە نوێنەرایەتی ٥٠٪ی خەڵکی کەرکووك دەکات و دەڵێت بەم ڕێژەیە رازی نیم و پێموایە کوردیش بە گشتی بەو ڕێژەیە رازی نییە و ئێمەش وەك ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك پێی رازی نین.

*** ئەگەر لایەنە کوردستانییەکان هەموو پێکەوە پرسی ئاساییکردنەوەی کەرکووك گرێ بدەنەوە بە دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق و ئاساییکردنەوەی شارەکە بکرێت بە خاڵێك بۆ بەشداریی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، ئایا ئەمە باشتر نییە لەوەی لەم بارودۆخەدا هەوڵی دانانەوەی پارێزگارێکی کارتۆنی بدرێت؟**

- بێگومان زۆر زۆر باشە، ئێمە دەزانین کە هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی ٢٧خاڵیان دانابوو کە کرابووە نووسراویش بۆ بەشداریکردنی کورد لە حکومەتی تازەی عێراقدا و خاڵی سەرەکی لەم خاڵانەدا ئاساییکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوو کە شاری کەرکووکیش بەشێکە لەو ناوچانەدا، بەڵام بەداخەوە لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمار کێشە کەوتە نێوان پارتی و یەکێتی لەناو پەرلەمانی عێراقدا، بۆیە وای لێهاتووە ئەو داواکارییە چۆتە بارێکی ترەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارم پارتی و یەکێتی لەگەڵ یەکتر دابنیشنەوە و گفتوگۆ بکەن و ئاساییکردنەوەی ئەم ناوچانە بکەنە خاڵێکی سەرەکی و خالەکانی تر کە موستەحەقات و پۆستە بەلاوەی بنێن.

*** لە هەفتەی رابردوو کەمینەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا سەر بە یەکێتی هەولیاندا کۆبوونەوە لەگەل کوتلەکانی عەرەب و تورکمان بکەن، ئایا ئەو جۆرە کۆبوونەوانە لە ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجام دەدرێت و ئەمە بەچی گەیشت و وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی کەرکووك خوێندنەوەت بۆ ئەو کارو هەولانەی یەکێتی چییە؟**

- لە راستیدا هەوڵەکە بۆ ئەوە بوو کە سێ ئەندامی کورد و سێ ئەندامی تورکمان و سێ ئەندامی عەرەب پێکەوە دابنیشن و پڕۆژەیەك ئامادە بکەن بۆ ئەنجامدانی تەنیا کۆبوونەوەیەکی راوێژکاری، کە ئەمەش سەری نەگرت، لەبەر ئەوەی تەنیا سێ ئەندامە کوردەکە ئامادە بوون. هەر یەکە لە سێ ئەندامەکەی تورکمان و عەرەب ئامادە نەبوون، لەبەر ئەوەی عەرەب و تورکمانەکان خوازیارن ئەو پارێزگارە عەرەبەی هەیە، بمێنێتەوە و ئەنجومەنی پارێزگاش هەرئاوا بێت و کارا نەکرێتەوە، چونکە ئەوان وای وێنا دەکەن کە لەو ١٣ساڵەی رابردوودا ستەمیان لێکراوەو ئەم هەوڵانەش خۆڵکردنە چاوی خەڵکەکەیە بۆ ئەوەی وا پیشانی بدەن کە بارودۆخەکە لە کەرکووك بەرەو ئاساییبوونەوە دەچێت.

*** باشە درێژەکێشانی ئەم بارە عەسکەرتاریەتە لە کەرکووك چ دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی مەترسیداری لێکەوتۆتەوە؟**

- بە داخەوە ئەو عەسکەرتاریەتییەی لە کەرکووك هەیە، بارێکی گەندەڵیشی هاتۆتەسەر، گەندەڵییەکی زۆر مەترسیداریش، چونکە ئەو گەندەڵییەی لە بەغدا گواستراوەتەوە بۆ کەرکووك. لە کاتێکدا پێشتر کەرکووك بە شایەتی دەستەی دەستپاکی و چاودێری دارایی و دەزگا پەیوەندارەکانی دیکە پاکترین پارێزگا بوو لە عێراق. بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو عەسکەرتاریەتییەی لەئارادایە پەردەپۆشی بە قاچاخبردنی نەوت و دزینی پارە دەکەن. ئێستا لە بەرزترین پلەی سەربازی تاوەکو نزمتری پلە تۆڕێك دروست دەکەن و دەستیان داوەتە ترساندن و تۆقاندنی و دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی خەڵك و ئێستا ٣٠ بەڕێوەبەر زیندانی کراون و بنکەی پۆلیسی قۆریا وەکو

**بەهۆی ئەو عەسکەرتاریەتییەی لەئارادایە پەردەپۆشی بە قاچاخبردنی نەوت و دزینی پارە دەکەن. ئێستا لە بەرزترین پلەی سەربازی تاوەکو نزمتری پلە تۆڕێک دروست دەکەن و دەستیان داوەتە ترساندن و تۆقاندنی و دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی خەڵک و ئێستا ٣٠ بەڕێوەبەر زیندانی کراون**

**لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە (٣٩) ملیۆن دۆلار پارەی یوئێن دی پی بە پارێزگاری کەرکووک دراوە و ٤٦ ملیار دیناری عێراقیشی پێدراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچە و شوێنانەی کە داعش وێرانی کردوون لەچەند ساڵی رابردوو لە دوای ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤، هەروەها ٧٣ملیار دیناریش کە پارێزگارەکەی ئێستا خۆی رایگەیاندوە لە ئیستیحقاقاتی پڕۆژەکان دراوە**



ئوتێلی لێهاتووە کە زیندانییەکان لەوێدان و چەندەها بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری بەش و هۆبەی تێدایە و ئازاریان دەدەن، بۆ ئەوەی بە بڕە پارەیەك ئازادیان بکەن، کە بە دڵنیاییەوە ئەو پارەیەش دەچێتە گیرفانی ئەو کەسانەی کە درێژە بەو عەسکەرتاریەتە دەدەن کە لە شاری کەرکووك هەیە.

*** ئایا لەو بارودۆخەی کە گرووپە خیانەتکارەکە لە ١٦ی ئۆکتۆبەر بەسەر کەرکووکیاندا هێنا، توانراوە ئەو حوکمی عورفی و پارێزگارە عەرەبە شۆڤێنییە هیچ خزمەتگوزارییەك بە شاری کەرکووك پێشکەش بکات، کە ئاگادرابووین پێش ئەم داگیرکارییە کەرکووك بەرەو گەشەکردن و ئاوەدانی دەچوو؟**

- نەخێر، عەسکەرتاریەت رووبکاتە هەر شوێنێك وێرانی دەکات. ئەمانە پێیان دەوترێت بازرگانانی شەڕ کە هەمیشە پێیان خۆشە شەڕ لە ئارادا بێت، بۆ ئەوەی برەو بە بازاڕی چەك بدرێت کە ئەو نرخەی بۆ چەکەکەشی دادەنێت، وەهمیە و زۆر زیاترە لە نرخی خۆی و ئەمە پارەیە و دەچێتە گیرفانی خۆیانەوە. لەلایەکی دیکەوە پێویستە هەموو خەڵکی کەرکووك بزانن کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە (٣٩) ملیۆن دۆلار پارەی یوئێن دی پی بە پارێزگاری کەرکووك دراوە و ٤٦ ملیار دیناری عێراقیشی پێدراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچە و شوێنانەی کە داعش وێرانی کردوون لەچەند ساڵی رابردوو لە دوای ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤، هەروەها ٧٣ملیار دیناریش کە پارێزگارەکەی ئێستا خۆی رایگەیاندوە لە ئیستیحقاقاتی پڕۆژەکان دراوە، بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ئەو پارانە چییان لێهات و بۆچی زبڵ و خاشاك ئەو شارەی داپۆشیوە و بۆچی خزمەتگوزاری کارەبا خراپە و ئاو نییە؟ واتە ئێستا کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی بە دەست نەبوونی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن.

*** ئایا لەنێوان دوو شارو شوێنی یەك وڵاتدا دەبێت بازگەو خاڵی گومرکی هەبێت، وەکو ئەوەی کە ئێستا حکومەتی عێراقی لە نێوان شاری کەرکووك و هەولێر و سلێمانی و چەندین شاری تر دانراون؟**

- ئەو خاڵ و بازگە گومرکییانەی لە نێوان کەرکووك و هەولێر و و کەرکووك و سلێمانی و چەندین شارو شوێنی دیکە دانراون بڕیاری نایاسایی و نادەستوورین، چونکە گومرگ تەنیا لە خاڵی سنووری لەنێوان وڵاتان دادەنرێت و سیستەمی تایبەت و جێگیری خۆی بۆ دانراوە. دووبارەی دەکەمەوە ئەو کەسانەی ئەم کارانە دەکەن، بازرگانی جەنگن و دەیانەوێت خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن و خەڵکی کەرکووکی پێ ئازار بدەن.

# دەوڵەتی قووڵ

## نمایشکردنی حوکمڕانییەکی تایبەت لەناو فۆرمی رووکەشی دەستووردا



**بۆ سەرکەوتنی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی شیعەی عێراق دەوڵەتی قووڵ وەک پێویستی سەیر دەکەن**



چەمکی دەوڵەتی قووڵ (Deep State) بۆ یەکەمین جار لە سەدەی بیستەمدا بۆ ئەو شێوازە حوکمڕانییە تایبەتەی کۆماری تورکیای نوێ بەکارهاتووە کە خۆی لەناو دەستووری تورکیادا نمایش کردووە، ئەمەش بەو مانایەی دەستوورەکە بە شێوەیەکی رووکەش ماوەتەوەو حکومەتیش لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە پێکهاتووە، بەڵام حوکمڕانیی راستەقینە لە دەستی تۆڕێکی تێکەڵاوە لە دەستەبژێری (ئەفسەرە پلە باڵاکانی سوپا، پلە باڵاکانی دەزگای هەواڵگری، پلە باڵاکانی پۆلیس و ئاسایش، دەسەڵاتی دادوەری، گرووپێك بۆ ئەنجامدانی تاوانی رێکخراو - Organized Crime- ). ئەم شێوازە حوکمڕانییە تایبەتە کە پێی دەگوترێت «دەوڵەتی قووڵ» لە دوای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی بە شێوەیەکی فەرمی و دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێ وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی و سکۆلاری و کۆماری دەستووری، لە ساڵی ١٩٢٣ لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە پیادەکراوە، هەتا گەیشتۆتە ئەوەی لە سەردەمی سەرۆکایەتی رەجەب تەیب ئەردۆگاندا دەستووری تورکیای هەموار کردەوە و سیستمی وڵاتی لە پەرلەمانییەوە گۆڕی بۆ سەرۆکایەتی، تەنیا لە پێناوی ئەوەی شێوازی حوکمڕانی (دەوڵەتی قووڵ) ببێتە شێوازێکی دەستووری لە تورکیادا.

ئەم شێوازە تایبەتەی حوکمڕانیی نمایشکراو لەچوارچێوەی دەستووری وڵاتدا کە بە چەمکی «دەوڵەتی قوول» پێناسە کراوە، بۆتە زارەوەیەکی ناو ئەدەبیاتی سیاسی بۆ هەموو ئەو سیستمە سیاسییانەی کە شێوازی حوکمڕانییەکەیان لە دەستووردا خۆی نمایش دەکات و حوکمڕانیی راستەقینەی وڵاتیش بەدەست ئەو کەسانەوەیە کە شاراوەن، یان لەناو وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت، یان پەرلەمان نابیندرێن. سەبارەت بەم لایەنە جۆن لی کاری نووسەر و ئەفسەری پێشووی هەواڵگری بەریتانیا لە رۆمانە تازەکەیدا (راستییەکی ورد - A Delicate Truth) زۆر بە وردی پێناسەی دەوڵەتی قووڵی بەم شێوەیە کردووە: «دەوڵەتی قووڵ بریتییە لەو بازنەی کە بەردەوام لە فراوانبووندایە و بۆتە چوارچێوەیەك بۆ کۆکردنەوەی رێکخراوە ناحکوومییەکان کە بریتین لە بانکەکان، کۆمپانیا بازرگانی و پیشەسازییەکان، لەناو ئەم بازنەیەدا پاکسازییەکی ئەوتۆ کراوە کە هیچ زانیارییەکی گرنگ ناتوانێت سنووری ئەو بازنەیە ببەزێنێت و بگاتە هۆڵەکانی وێست منیستەر ) باڵەخانەی حکومەتی بەریتانیا ) و هۆڵەکانی کۆشکی سپی (باڵەخانەی حکومەتی ئەمریکا )، ئەمەش مانای ئەوەیە دەوڵەتانی رۆژئاوای دیموکراتیش، هەڵسووڕێنەرانی حوکمڕانی راستەقینە لە بەریتانیا و ئەمریکای پێش برێکسیت و دەرچوونی ترەمپ، ئەو خەڵکانە نەبوون کە پۆستی سەرۆك کۆمار، یان سەرۆك وەزیرانیان بەدەستەوەیە، یان ئەو خەڵکانە نین کە پۆستە وەزارییەکان بەڕێوە دەبەن، بەڵکو حوکمڕانی راستەقینە ئەو رێکخراوە ناحکوومییانەن کە بەردەوام ئەو بازنە شاراوەیە فراوان دەکەن، کە لەلایەن بانکەکان و کۆمپانیا گەورەکانی پیشەسازی و بازرگانییەوە دروستیان کردووە.

ئەم پێناسانە ئەوەمان پێدەڵێن کە لە شێوازی حوکمڕانیی دەوڵەتی قووڵدا مەودایەك لە نێوان حوکمڕانی رووکەش (سەرۆك، یان سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان) و حوکمڕانیی راستەقینە (کەس و رێکخراوە شاراوەکان) هەیە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، ئایا هیچ ئەزموونێك هەیە، جۆرە تێکەڵاوییەك لەنێوان حوکمڕانیی رووکەش و حوکمڕانیی راستەقینە دروست بکات، یان بە شێوەیەکی دیکە کاراکتەرەکانی دەوڵەتی قووڵ خۆیان لەناو باڵەخانەی حکومەتدا بشارنەوە و کار بۆ سەرخستی ئامانجەکانی دەوڵەتی قووڵ بکەن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لەوانەیە خۆپیشاندانەکانی (تی پارتی) لە ساڵی ٢٠٠٨ی ئەمریکاو سووتاندنی وۆڵ ستریت سەرەتایەکی باش بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هۆکاری پەککەوتنی هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و وەڵامنەدانەوەی خواست و داواکاریی هاووڵاتیان، تەنیا هۆکارەکەی ئەوە نەبووە کە کاراکتەرەکانی ناو بازنە فراوانەکەی (جۆن لی کاری ) حوکمڕانی راستەقینە بوون و نەیانهێشتووە هیچ زانیارییەکی گرنگ بگاتە وێست منیستەر، یان وایت هاوس، بەڵکو لە دوای کارەساتی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ و پاشانیش هەردوو شەڕی رووخاندنی رژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان و رژێمی بەعس لە عێراق، شێوازێکی تێکەڵاو لە شێوازی دەوڵەتی قووڵ لە ئەمریکا سەریهەڵداوە کە تۆڕێکی

■

**سەدام حوسێن زۆر باش سەرچاوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی دەستنیشان کرد و رێگەی ناوپردانی گرتە بەر و لەگەڵ مستەفا بارزانی رێککەوت، ئەو دەیزانی کلیلی چارەسەر لای بارزانی مستەفایە**

■

**ئەگەر سەدام و بەعس لە رێککەوتننامەی ئادار پاشەکشەیان نەکردایە، عێراق و حوکمڕانی بەعس و سەدام نە دوچاری شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران دەبوو، نە پاشانیش دەکەوتە ئەو زەلکاوەی کە کوەێت داگیر بکات**

■

**لە شێوازی حوکمڕانیی دەوڵەتی قووڵدا مەودایەک لە نێوان حوکمڕانی رووکەش (سەرۆک، یان سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان) و حوکمڕانیی راستەقینە (کەس و رێکخراوە شاراوەکان) هەیە**

تێکەڵاوی لە کارەکتەرەکانی ناو حکومەت و کاراکتەرەکانی ناو بازنە فراوانەکەی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دروستکردووە، لەسەر ئەم پرسە، کۆنگریسمانی خانەنشینکراوی ئەمریکا (جۆن لۆفگرن) لە کتێبەکەیدا کە لە ساڵی ٢٠١٦ بەناونیشانی ( دەوڵەتی قووڵ: کەوتنی دەستوور و هەڵستانەوەی حکومەتی سێبەر - The Deep State: The Fall of the Constitution and the Rise of a Shadow Government) نووسیویەتی، ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات و دەڵێت: دوای ئەزموونی ٢٨ ساڵی کۆنگریسمانی لە (١٩٨٣-٢٠١١) بۆم دەرکەوت کە دەستوورەکەمان وەك دەقێکی رووکەش ماوە، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەلایەن دەستەبژێری فەرمانڕەواوە ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت، دەستەبژێری فەرمانڕەوا بوونە کۆمەڵێك ئاسن لەناو تۆڕێکدا، بۆیە ناتوانرێت دەستوورەکە رزگار بکرێت، لە ئەمریکادا بەردەوام پارە و خەڵکی شیاو هەبووە بۆ ئەوەی بتوانێت خزمەتگوزاری پێویست و چاودێری تەندروستی شایستە بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێت، بەڵام ئەوەی کە نەیهێشتووە ئەم کارانە بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکرێت، دەرهاویشتە نەرێنییەکانی ئەو حکومەتە سێبەرە بووە کە زۆر کەم بایەخی بە ماددەکانی دەستوور داوە کە زۆر بە ئاسانی هەموو کەسێك تێیان دەگات. ئەو حکومەتە سێبەرەش بە پێناسەی ناو کتێبەکەی لۆفگرن بەمجۆرەیە: من دەوڵەتی قووڵ بەو مانایە بەکاردەهێنم کە بریتییە لە یەکگرتنێکی تێکەڵاوی نێوان کاراکتەرە سەرەکییەکانی ناو حکومەت لەگەڵ بزنسمانە باڵاکانی ناو کەرتی بازرگانی، ئەم دوو کاراکتەرە توانای ئەوەیان هەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوە بەرن، هەروەها بە شێوەیەکی سنوورداریش ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکەن کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بە دەنگدەریان داوە.»

دیارە مایك لۆفگرن ئەم کتێبەی پێش هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ و سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە نۆڤمبەری ئەو ساڵە نووسیوە، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك ئیمپراتۆریەتێکی سەدەی بیست و یەکەم بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بەراورد دەکات و لەو روانگەیەوە بایەخدان بە بازرگانی و دوورکەوتنەوە لە پیشەسازی دەخاتەڕوو و دەڵێت: «ئیمپراتۆریەتی ڕۆما لەسەر پرانسیپێك بەڕێوە دەچوو، هەتا رووبەڕووی لەبەریەك هەڵوەشان بووەوە، پیشەسازی تەنیا سەرچاوەی ڕاستەقینەیە بۆ داهات، بەڵام لە ڕۆما پیشەسازی نەبوو، ڕۆژانە ڕیگاکانی ئۆستیا بە ئەسپ و عارەبانەکانی کاروانچی جمەی دەهات و ئەم کاروانچییانە لە ڕۆژهەڵاتەوە حەریر و بەهارات، لە ئاسیای بچووکەوە مەڕمەڕ، لە ئەتلەسەوە تەختە، لە ئەفریقیا و میسرەوە دانەویڵە، هەموو ئەمانە دەهێنرایە ئۆستیا و ئەسپ و عارەبانەکانیش کە دەگەڕانەوە، تەنیا ئەوەیان دەبردەوە کە لە سکی ئەسپەکانیان بووە.» ئاماژەکردن بەو مێژووە، بەئاگاهێنانەوەی سیستمی سیاسیی ئەمریکایە کە بە شێوەیەکی فراوان رووی کردۆتە بازرگانی و لە پیشەسازی دوور دەکەوێتەوە، ئەمەشی وەك سەرەتایەك بۆ رووخانی ئەمریکا بە هاوشێوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما خستۆتەڕوو.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ هەتا مانگی نۆڤێمبەر و دووبارە سەرنج لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی دۆناڵد ترەمپ بدەینەوە، ئەوا ئاشکرایە کە هەموو دروشمەکانی ترەمپ بۆ کۆتاییهێنان بەو دەوڵەتە قووڵەی ئەمریکا بووە کە ئەو یەکگرتنە تێکەڵاوەی لە نێوان کاراکتەرە سەرەکییەکانی کۆشکی سپی و بزنسمانە گەورەکانی کەرتی بازرگانی دروست کردووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بە سەرکەوتنی ترەمپ، کۆتایی بە دەوڵەتە قووڵەکەی ئەمریکا هات؟ بێگومان لە وەڵامی ئەم پرسیارە ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین: ئەو دەوڵەتە قووڵەی مایك لۆفگرن وەك مەترسییەك بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا لە جیهاندا دەستنیشانی کردووە، ئێستاش لە ئەمریکا هەر ماوە و بەهێزیشە و هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە کە دۆناڵد ترەمپ لە پۆستی سەرۆکایەتی دوور بخاتەوە، ئەمەش مەترسییەکی ئەوتۆی دروست کردووە کە (کاراکتەرە باڵاکانی ناو دەزگای هەواڵگری، کاراکتەرە باڵاکانی ناو دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدراڵی، کاراکتەرە باڵاکانی ناو دەسەڵاتی دادوەری) هەموویان پێکەوە جارێکی دیکە هەوڵەکانیان یەکخستووە بۆ ئەوەی حکومەتەکەی دۆناڵد ترەمپ بڕووخێنن و حکومەتە سێبەرەکەی خۆیان بێننەوە

**ئەو دەوڵەتە قووڵەی مایک لۆفگرن وەک مەترسییەک بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا لە جیهاندا دەستیشانی کردووە، ئێستاش لە ئەمریکا هەر ماوە و بەهێزیشە و هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە کە دۆناڵد ترەمپ لە پۆستی سەرۆکایەتی دوور بخاتەوە**

**دیاردەی «دەوڵەتی قووڵ» لە عێراقدا خۆی پێویستی بەوەیە لە ژێر سێبەری حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی بشارێتەوە، بۆ ئەوەی خۆی حوکمڕانی ڕاستەقینەی دەوڵەتی عێراق بێت**

**کاراکتەرە سەرەکییەکانی ناو دەوڵەتی قووڵ لە عێراقدا، بریتین لە سەرکردەی حزبە سیاسییەکانی شیعە و فەرماندەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، ئەم کاراکتەرانە نە ئامانجیان ئەوەیە عێراق بکەنە چوارچێوەیەک بۆ گەشەکردنی قەومیەی عەرەبی، نە ئامانجیشیان ئەوەیە عێراق ببێتە چوارچێوەیەک بۆ وەبەرهێنان و بازرگانی بۆ ئەوەی تەنیا سەرمایە کەڵەکە بکەن**

**سیاسییەکانی شیعە و حزبەکانیشیان لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو (٢٠٠٣-٢٠١٨) هێندە سەرمایەیان کۆکردۆتەوە کە دەتوانن لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانە بیکەنە بناخەیەک بۆ ئەوەی بازرگانی بکەن و سەرمایەی پێ کەڵەکە بکەن**

**ئەم ژێرخانە ئابووریە گەورەیەی حزبە سیاسییەکانی شیعەی عێراق بۆ ئەوە نییە کە بیکەنە سەرچاوەیەکی وەبەرهێنان بۆ بازرگانی، بەڵکو ئامانجی گەورەی ئەم سەرمایە گەورە ئابووریەی لەبەر دەستیاندایە، دەیانەوێت بیکەنە وەبەرهێنان بۆ گەشەکردن و چەسپاندنی حوکمڕانیی شیعەگەرایی کە خۆی لە چوارچێوەی (ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامیدا) بەرجەستە دەکات**

**ئەگەر دەستووری عێراق وەلاوە بنێن و سەرلەنوێ دەستوورێکی دیکە بنووسنەوە و شەرعییەت بە حوکمڕانی شیعەگەرایی بدات، ئەمەشیان بۆ ناچێتەسەر و جیا لەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ پێکهاتەی کورد و سوننە پەنا بۆ رێگەچارەی دیکە دەبەن، لە هەمانکاتدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دەکەوێتە ژێر گەمارۆ و سەرکەتوو نابن**

سەر دەسەڵات، لەسەر ئەم پرسە نووسەر و چاودێری سیاسی جیرۆم کۆرسی لە هاوینی ئەمساڵدا کتێبێکی تازەی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (کوشتنی دەوڵەتی قووڵ: شەڕکردن بۆ پاراستنی سەرۆك ترەمپ)، لەم کتێبەدا جیرۆم کۆرسی باس لەوە دەکات، چۆن کاراکتەرە باڵاکانی پێشتری حکومەتی ئۆباما و کاراکتەرەکانی ئێستای ناو دەزگای هەواڵگری و دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدڕاڵی و دەسەڵاتی دادوەری، بۆ ئەوەی بە رێگەی یاساکانی ئەمریکا و بە بەرگریکردنیان لەو دەستوورەی کە لە سەردەمی دەوڵەتی قووڵی ئەواندا تەنیا وەك رووکەش مابۆوە، سەرۆك ترەمپ دوور بخەنەوە، بۆیە داوادەکات کە دەبێت ئەو دەوڵەتە قووڵە بکوژرێت، بۆ ئەوەی سەرۆك ترەمپ بپارێزرێت.

جەختکردنەوەمان لەسەر شێوازە جیاوازەکانی (دەوڵەتی قووڵ) بۆ ئەوە بوو، دەروازەیەك بکەینەوە بۆ شیکاریی ئەو بارودۆخە سیاسییەی ئێستا لە عێراقدا کە بۆ حوکمڕانی هاتۆتەئاراوە و زۆر لە چاودێران و شرۆڤەوانانی سیاسی بە دەوڵەتی قووڵ ناوی دەبەن و، جەخت لەوە دەکەنەوە کە بوونی حاڵەتی «دەوڵەتی قووڵ» لە عێراقدا دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم سەرکەوتنی ئەو کابینە حکوومییەی کە چاوەڕوان دەکرێت د.عادل عەبدولمەهدی لەم هەفتەیە، یان پێش کۆتاییهاتنی ماوە دەستوورییەکەی رای بگەیەنێت، بەڵام ئەم باسەکە لەچەند روویەکەوە هاوڕا نابێت لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی کە پێیانوایە حاڵەتی «دەوڵەتی قووڵ» دەبێتە ئاستەنگ بۆ بەرنامەی حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی، بەپێچەوانەوە، دیاردەی «دەوڵەتی قووڵ» لە عێراقدا خۆی پێویستی بەوەیە لەژێر سێبەری حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی بشارێتەوە، بۆ ئەوەی خۆی حوکمڕانی راستەقینەی دەوڵەتی عێراق بێت.

### ● دەوڵەتی قووڵ لە عێراقدا دەبێتە پاڵپشتێك بۆ سەرکەوتنی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی

دەوڵەتی قووڵ لەناو پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراقدا، پێناسەیەکی جیاواز لەو حاڵاتانە وەردەگرێت کە پێشتر لەناو پرۆسەی سیاسیی کۆماری تورکیا و ئێستاش لەناو دەوڵەتانی رۆژئاوای دیموکراتی بۆی دەکرێت، بەڵام خاڵی هاوبەش لەنێوان هەموو ئەو پێناسە جیاوازانەی بۆ دەوڵەتی قووڵ دەکرێت، ئەوەیە: دەستەبژێرێکی سیاسیی ناسیۆنالیستی، یان مەزهەبگەرایی، یان بزنسمانە گەورەکانی کەرتی پیشەسازی و بازرگانی، یان بزنسمانەکانی کەرتی بانکی، کاراکتەرە باڵاکانی ناو حکومەت و.. هتد، ئامانجی ئەوەیان هەیە بە شێوازێك حوکمڕانی لە وڵاتدا بکرێت کە ئامانجەکانی ئەوانی تێدا بێتەدی، بەڵام ناتوانن ئەم ئامانجە بە ئاشکرا رابگەیەنن، بۆیە دەستوور و یاساکانی وڵات دەکەنە چوارچێوەیەك و لەناو ئەو چوارچێوەیەدا ئامانجەکانی خۆیان دەشارنەوە.

ئەگەر وەك نموونە سەیری حاڵەتی «دەوڵەتی قووڵ» لە تورکیادا بکەین، بێگومان ئەتاتورك پاراستنی ناسیۆنالیستی تورکی لە دوورکەوتنەوە لە خەلافەت و لاساییکردنەوەی سیستمی سیاسیی دەوڵەتانی رۆژئاوا دەبینییەوە، بۆیە دەوڵەتی تورکیای وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی و سکۆلاری و کۆماری دەستووری پێناسە کرد، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا دوای ١٠٠ساڵ، دەوڵەتی تورکیا بۆتە ئەو دەوڵەتە؟ بێگومان نەخێر، لە بنەڕەتیشدا ئەتاتورك ئامانجی ئەوە نەبووە تورکیا ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و سکۆلار و فرەیی، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەوە بووە تورکیا ببێتە دەوڵەتێك بۆ پاراستن و گەشەکردنی فیکری ناسیۆنالیستی تورکی و ئەوەی دیموکراتی و فرەیی و سکۆلاریزم بێت، بوونی نەبێت، هەر بۆیە ناچار بووە، حکومەتی تورکیا ئەوەی بە هەڵبژاردن دێتە دەسەڵات، بیکاتە حوکمڕانی رووکەش و حوکمڕانی راستەقینەش لەدەستی پلە باڵاکانی سوپا و هەواڵگری و ئاسایش و بکەرانی تاوانی رێکخراودا بێت.

ئەگەر سەیری حاڵەتی دەوڵەتی قووڵ لە دەوڵەتانی رۆژئاوای دیموکراتیش بکەین کە هەتا ئەم دواییەش داوای حوکمڕانیی گلۆباڵیان دەکرد، دەبینین ئامانجی دەوڵەتی قووڵ لە رۆژئاوا بەگشتی و لە ئەمریکا و بەریتانیا بەتایبەتی بۆ ئەوە بووە کە دەستەبژێرێك زیاتر سەرمایە کەڵەکە بکات، ئەوجا کەڵەکەکردنی ئەو سەرمایەیە بەهەر رێگەیەك بێت، سەبارەت بەم حاڵەتە جیرۆم کۆرسی لە کتێبەکەیدا (کوشتنی دەوڵەتی قووڵ) باس لەوە دەکات، بەشێك لە

کاراکتەرە دیارەکانی حکومەتی باراك ئۆباما ئامانجیان ئەوە بوو شەڕەکان هەموو بەشێکی ئەم جیهانە بگرێتەوە بۆ ئەوەی بازرگانیی فرۆشتنی چەك بەردەوام بێت و خۆیان قازانجێکی گەورە بکەن.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا کاراکتەرەکانی ناو دەوڵەتی قووڵ لە عێراقدا ئامانجیان چییە و دەیانەوێت بەم دەوڵەتە قووڵە چییان دەست بکەوێت؟ ئاشکرایە کاراکتەرە سەرەکییەکانی ناو دەوڵەتی قووڵ لە عێراقدا، بریتین لە سەرکردەی حزبە سیاسییەکانی شیعە و فەرماندەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، ئەم کاراکتەرانە نە ئامانجیان ئەوەیە عێراق بکەنە چوارچێوەیەك بۆ گەشەکردنی قەومیەی عەرەبی، نە ئامانجیشیان ئەوەیە عێراق ببێتە چوارچێوەیەك بۆ وەبەرهێنان و بازرگانی بۆ ئەوەی تەنیا سەرمایە کەڵەکە بکەن.

ئاشکرایە سیاسییەکانی شیعە و حزبەکانیشیان لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو (٢٠٠٣-٢٠١٨) هێندە سەرمایەیان کۆکردۆتەوە کە دەتوانن لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانە بیکەنە بناخەیەك بۆ ئەوەی بازرگانی بکەن و سەرمایەی پێ کەڵەکە بکەن، بۆیە ئێستا ئەم ژێرخانە ئابوورییە گەورەیەی حزبە سیاسییەکانی شیعەی عێراق بۆ ئەوە نییە کە بیکەنە سەرچاوەیەکی وەبەرهێنان بۆ بازرگانی، بەڵکو ئامانجی گەورەی ئەم سەرمایە گەورە ئابوورییەی لەبەر دەستیاندایە، دەیانەوێت بیکەنە وەبەرهێنان بۆ گەشەکردن و چەسپاندنی حوکمڕانیی شیعەگەرایی کە خۆی لە چوارچێوەی (ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامیدا) بەرجەستە دەکات.

ئەوجا ئەگەر لەم دەروازەیەوە سەیری ئەم ئامانجە بکەین و ئەو پرسیارە بکەین، ئایا کاراکتەرەکانی ناو دەوڵەتی قووڵی عێراق بە چ رێگەیەك ئەم ئامانجەیان بۆ دێتەدی، یان خۆیان بەرنامەیان بۆ دارشتووە و لەو قەناعەتەدان بەم رێگە بۆیان دێتەدی، بێگومان زۆر باش دەزانن:

١. ئەم ئامانجەیان بە زەبری هێز و خۆسەپاندن بۆ نایەتەدی، ئەمەش بەو مانایەی هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق ناچار بکەن بە زەبری هێز حوکمڕانی شیعەگەرایی (ویلایەتی فەقیهی) قبووڵ بکەن، ئەم حاڵەتە لەسەردەمی کابینەی دووەمی د.نوری مالیکی تاقی کرایەوە و وەك بینیمان دەرهاویشتە خراپەکانی ئەوە بوو رێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ سەریهەڵدا و لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا موسڵی داگیرکردو خەلافەتی ئیسلامی راگەیاند.

٢. زۆر باش دەزانن ئەگەر دەستووری عێراق وەلاوە بنێن و سەرلەنوێ دەستوورێکی دیکە بنووسنەوە و شەرعییەت بە حوکمڕانی شیعەگەرایی بدات، ئەمەشیان بۆ ناچێتەسەر و جیا لەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ پێکهاتەی کورد و سوننە پەنا بۆ رێگەچارەی دیکە دەبەن، لە هەمانکاتدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دەکەوێتە ژێر گەمارۆ و سەرکەوتوو نابن.

٣. باش دەزانن لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی ماڵی شیعە، ناتوانن راسپاردە و فەتواکانی ئایەتوڵلا عەلی سیستانی پشتگوێ بخەن، ئەمەیان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق بینیمان کە چۆن مەرجەعیەت وتی (تاقیکراوە، تاقیناکرێتەوە) ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئاستی بەشداری لە شارەکانی عێراق ٢٠٪ تێنەپەڕێنێت، ئەم قسەیەی مەرجەعیەتی نەجەف بۆ پێکهێنانی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی-یش کاریگەری هەیە و ناتوانن فەرامۆشی بکەن، بۆیە ناتوانن بە عینادی مامەڵە لەگەڵ راسپاردەو فەتواکانی مەرجەعیەتی نەجەف بکەن، هەروەها دەشزانن کە مەرجەعیەتی نەجەف بڕوای بە حوکمڕانیی (ویلایەتی فەقیهی بۆ عێراق) نییە.

٤. باش دەزانن ئەمریکا داکۆکی لە مانەوەی دەستووری عێراق دەکات بۆ ئەوەی ئەو دەستوورە رێگر بێت لە حوکمڕانیی راستەوخۆی (ویلایەتی فەقیهی)، بەڵام ئەمریکا داکۆکیی جددی لە سەر ئەوە ناکات کە ئەو دەستوورە چەندی جێبەجێ دەکرێت و چۆن جێبەجێ دەکرێت.

لەبەرامبەر ئەم خاڵانەی کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانجی کاراکتەرانی دەوڵەتی قووڵ لە عێراقدا، کاراکتەرەکان هەوڵیانداوە (هەموو سیاسییە باڵاکانی شیعە) کە ئەم ئامانجە لەژێر سێبەری حکومەتێکی رووکەشدا بشارنەوە و خۆیان لە سێبەردا حوکمڕانی راستەقینەی عێراق (ویلایەتی فەقیهی) بەڕێوەبەرن و هەمووشیان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی پێویستە حوکمڕانی راستەقینە لە

**ئەمریکا داکۆکی لە مانەوەی دەستووری عێراق دەکات بۆ ئەوەی ئەو دەستوورە رێگر بێت لە حوکمڕانیی راستەوخۆی (ویلایەتی فەقیهی)، بەڵام ئەمریکا داکۆکیی جددی لە سەر ئەوە ناکات کە ئەو دەستوورە چەندی جێبەجێ دەکرێت و چۆن جێبەجێ دەکرێت**

**پارتی دیموکراتی کوردستان کێشەی لەگەڵ ئەوە نییە عەرەبی شیعە، یان عەرەبی سونە چ جۆرە حوکمڕانییەکیان دەوێت، بەڵکو کێشەی سەرەکیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە کە ئەوەی لە بەغدا حکومەت و دەسەڵاتدارە، چۆن مامەڵە لەگەڵ مافی خەڵک و جوگرافیای کوردستان دەکات**

**تێکەڵاوبوونی لایەنە سوننەکان لەگەڵ هەردوو هاوپەیمانی شیعە، کاری لایەنی کوردستانی بەتایبەتی پارتی ئاسانتر کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنی شیعە بگەنە خاڵێکی هاوبەش**

**لایەنی کوردستانی و پارتی بە حکومەتەکەی عەبدولمەهدی رازییە و ئامادەیە پشتگیری بکات، بەڵام ئەم پشتگیرییەی پارتی وەک گەورەترین فەوارەی کوردی لە پەرلەمانی عێراقدا هەتا ئەو کاتەیە کە حکومەتی داهاتوو رێز لە مافی خەڵک و جوگرافیای کوردستان دەگرێت**

**سیاسییەکان و پەرلەمانتارانی شیعەی عێراق ئەو راستییە ناشارنەوە، ئەگەر ئەم حکومەتە تازەیەی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی شکست بێنێت، ئەمە دوایین حکومەت دەبێت بە شێوازێکی دیموکراتی لە عێراقدا پێکبهێنرێت**

**ئەگەر حکومەتی بەغدا کە شیعە لێی بەرپرسیارە هەوڵنەدات شەخسی بارزانی رازی بکات و هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا نەدەن، ئەوا ناتوانن حوکمڕانییەکی باشتر لە ١٥ ساڵی رابردوو پیادە بکەن**

عێراقدا (حوکمڕانی شیعەگەرا) بێت، هەربۆیە هەوڵەکانی هەموویان لەو خاڵەدا یەکی گرتۆتەوە کە ئەم ئامانجە لەناو ئەو چوار خاڵەدا جێ بکەنەوە کە هەموو لایەك رازی دەکات:

● لایەنی ئەمریکی رازییە، لەبەر ئەوەی رێکخستنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا لەبەر رۆشنایی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئایاری رابردووی عێراقە و هەروەها ئەو عورفە سیاسییەی لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ەوە پەیڕەو کراوە بۆ ئەوەی سێ پۆستە سەرۆکایەتییەکەی (کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان) لە نێوان هەر سێ پێکهاتەی سەرەکیی (کورد و سوننە و شیعە) دابەش بکرێت، ئەمە کراوە و فەرامۆش نەکراوە، لەمەش زیاتر لایەنی شیعە وەك گوتاری سیاسی زۆر داکۆکی لە دەستووری عێراق دەکات. لەمەش زیاتر بە کاندیدی شیعەکان عادل عەبدولمەهدی رازییە و وەك سەرکردە و سیاسییەکی میانڕۆی شیعە سەیری دەکات.

● لایەنی ئێرانی کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق و سیاسەتی شیعە لە عێراقدا هەیە، بە کاندیدکرنی د.عادل عبدولمەهدی وەك کاندیدی هاوبەشی تێکڕای لایەنە شیعەکانی عێراق رازییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم کاندیدە خۆی یەکێکە لەو سیاسییانەی لەسەردەمی ئۆپۆزسیۆن بووندا دۆستێکی نزیکی کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسدارانی ئێران بووە و یەکێك بووە لە فەرماندەکانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق و لە پێناوی سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە خەباتی چەکداری کردووە، هەر بۆیە ئەگەر ئەم کاندیدە وەك سەرۆك وەزیرانیش هەوڵەکانی بۆ ئەوە نەبێت کە حوکمڕانیی شیعەگەرایی بچەسپێنێت، ئەوا نابێتە رێگر لە بەردەم دەوڵەتی قووڵدا.

● لایەنی مەرجەعیەتی نەجەفیش لەچەند لایەکەوە هەم بە کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رازییە، هەمیش بەو شێوازەی لە پێکهێنانی کابینەکەی پیادەی کردووە، سەبارەت بە د.عادل عەبدولمەهدی، مەرجەعیەت لێی رازییە، لەبەر ئەوەی پێشتر تاقی نەکراوەتەوە و گەندەڵ بوویێت، بەڵکو چەند پۆستێکی هەبووە کە نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت و دەستی لەکار کێشاوەتەوە، هەروەها لە شێوازی پێکهێنانی کابینەکەشی رازییە لەبەر ئەوەی لەلایەن کاراکتەرانی دەوڵەتی قووڵی عێراقەوە ئەو زەمینەی بۆ رەخساوە کە کاراکتەرە تاقیکراوەکانی بەسەردا فەرز نەکەن.

● لەسەر ئاستی بەشداری پێکهاتەکانی دیکەی عێراقیش، حاڵەتەکە لە نێوان کورد و سوننە دوو حاڵەتی جیاوازە، هەرچی لایەنی سوننەیە بە فەرمی بوونە بەشێك لە هەردوو هاوپەیمانی شیعە (ئیسلاح و بینا بە سەرۆکایەتی سەدر و بینا بە سەرۆکایەتی عامری)، بۆیە لایەنی سوننە پشتگیری لە حکومەتە رووکەشەکەی عەبدولمەهدی و حکومەتە سێبەرەکەی لایەنە شیعیەکان دەکات، بە مەرجێك پشکی عەرەبی سوننە لە پرۆسەی حوکمڕانیی عێراقدا پارێزراو بێت، هەرچی لایەنی کوردیشە بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی، راشکاوانە پارتی دیموکراتی کوردستان کێشەی لەگەڵ ئەوە نییە عەرەبی شیعە، یان عەرەبی سوونە چ جۆرە حوکمڕانییەکیان دەوێت، بەڵکو کێشەی سەرەکیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە کە ئەوەی لە بەغدا حکومەت و دەسەڵاتدارە، چۆن مامەڵە لەگەڵ مافی خەڵك و جوگرافیای کوردستان دەکات، بە درێژایی زیاتر لە٧٠ ساڵی رابردووش، پارتی کێشەی لەگەڵ هیچ حکومەتێکی پادشایی و کۆماری نەبووە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ شێوازی مامەڵەکردنی ئەو حکومەتانە هەبووە لەگەڵ مافی خەڵك و جوگرافیای کوردستاندا، لەمەش زیاتر پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای رووخانی رژێمی بەعسەوە لە ٢٠٠٣، زۆر بە وردی دیراسەتی ئەوەی کردووە ئەگەر سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا سەرکەوتوو نەبێت، یان ئەگەر سیاسەتی نێودەوڵەتی رێگەی نەدا کوردستان بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو هەڵبگرێت، ئایا دەبێت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ حکومەتی بەغدا بکات؟ ئەم دیراسەتە ورد و جددییە کە ماوەی یەك دوو ساڵ گرووپێك لە پسپۆڕ و ئەکادیمی کاریان لەسەر کردووە و پاشانیش ئەم دیراسەتەیان لە هەموو روویەکەوە لە کتێبێکدا بەناونیشانی (ئایندەی کوردستان لە عێراقدا) بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە، ئاکامی ئەم دیراسەتە گەیشتۆتە ئەوەی کە سەرکردایەتیی



سیاسیی کوردستان دەبێت داکۆکی لەسەر مافی خەڵك و جوگرافیای کوردستان بکات، ئەوجا هەر حکومەتێك دانی نا بە مافی خەڵك و جوگرافیای کوردستاندا، ئەوا دەکرێت کوردستان هەر بەشێك بێت لە عێراق و بەڵام سیستمی سیاسیی کوردستان و بەغدا لە یەکتری جیاواز دەبێت، سەبارەت بەم لایەنە هەتا ئێستا ئەوەی لە لایەنە شیعیەکانی عێراق دەیبینین، ئەوەیە کە ڕێزیان لەو داخوازییەی خەڵکی کوردستان گرتووە، کە بارزانی پێداگیری لەسەر دەکات، ئەویش بریتییە لە (شەراکەت، تەوافق و تەوازن)، ئەم داوایە لەگەڵ ئەوەی داوایەکی ئاسان نییە کە هەرسێکیان وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام تێکەڵاوبوونی لایەنە سوننەکان لەگەڵ هەردوو هاوپەیمانی شیعە، کاری لایەنی کوردستانی بەتایبەتی پارتی ئاسانتر کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنی شیعە بگەنە خاڵێکی هاوبەش، ئەم خاڵە هاوبەشەش بەو مانایە نییە کە پارتی پێداگریی زۆر بکات لەسەر پۆستەکانی بەغدا، بەڵکو خاڵی هاوبەش بەو مانایەی کە ئەوانیش بۆ مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان بە هەنگاوی جددی بێنە پێشەوە، هەر بۆیە کە لایەنەکانی شیعە ئامادەباشییان بۆ ئەم هەنگاوهەڵگرتنە پیشان داوە، ئەوا لایەنی کوردستانیش بە حکومەتەکەی عەبدولمەهدی رازییە و ئامادەیە پشتگیری بکات، بەڵام ئەم پشتگیرییەی پارتی وەك گەورەترین قەوارەی کوردی لە پەرلەمانی عێراقدا هەتا ئەو کاتەیە کە حکومەتی داهاتوو ڕێز لە مافی خەڵك و جوگرافیای کوردستان دەگرێت.

ئەگەر لێرەوە خاڵە ئاستەنگەکانی بەردەم کاراکتەرەکانی دەوڵەتی قووڵ و جێکردنەوەی ئەم بەرنامەیە لەسەر هەموو ئاستەکانی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەو شێوەیەی کە هەموو لایەك رازی بکات، ئەوا کاراکتەرانی دەوڵەتی قووڵ لە عێراقدا نەك نابنە ئاستەنگ بۆ ئەو حکومەتە رووکەشەی کە د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆکایەتی دەکات، بەڵکو بە ئاستێك پشتگیری دەکەن کە دەوڵەتی قووڵ لە عێراقدا بکەنە نموونەیەکی باشتر لەو نموونەی لە ماوەی ١٥ساڵی رابردوو وەك نموونەی دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی بەڕێوە چووەو هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە عەرەبی شیعەشەوە لێی نارازین.

## ● ئایندەی عێراق لەسایەی حوکمڕانیی دەوڵەتی قووڵدا

سیاسییەکان و پەرلەمانتارانی شیعەی عێراق ئەو راستییە ناشارنەوە، ئەگەر ئەم حکومەتە تازەیەی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی شکست بێنێت، ئەمە دوایین حکومەت دەبێت بە شێوازێکی دیموکراتی لە عێراقدا پێکبهێنرێت، دیارە مەبەست لەم هۆشدارییەی سیاسییەکان و پەرلەمانتارانی شیعە لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ئەوان زۆر بە خەمی دیموکراتییەوەن و نایانەوێت دیموکراتیەت لە عێراقدا کۆتایی بێت، بەڵکو مەبەستی سەرەکییان لەم هۆشدارییە ئەوەیە کە ئەو تایتڵە رووکەشەی بەناوی (دیموکراتی) شیعەی عێراقی کردۆتە حوکمڕان، ئەگەر ئەو تایتڵە نەمێنێت، ئەوا حوکمڕانیی شیعە لە عێراقدا کۆتایی دێت و هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەشی ئێستا نوێنەرایەتی شیعەی عێراق دەکەن، تووڕەیی خەڵك رایاندەماڵێت و پشتگیریی مەرجەعیەتی نەجەفیش لەدەست دەدەن.

ئەم فاکتە سیاسی و ئاشکرایە، لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقی خستۆتە بەردەم دووڕیانێك، یان دەبێت رێگا هەڵدێر تاقی بکەنەوە و لەسەر هەمان ریتم و میتۆدی ١٥ ساڵی رابردوو بەردەوام بن، یان ئەوەتا دەبێت رێگای رزگاربوون لە قەیرانەکان هەڵبژێرن، کە ئەمەشیان پێویستی بەوەیە لە ناو حکوومەتی قووڵدا نموونەیەکی باشتر لە حوکمڕانیی ساڵانی رابردوویان پیشانی عێراقییەکان بدەن.

لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق و فەرماندەکانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە ئێستا رۆڵێکی بەرچاویان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا هەیە، زۆر باش گەیشتوونەتە چەند قەناعەتێکی گرنگ:

یەکەم: ئەگەر حکومەتی بەغدا کە شیعە لێی بەرپرسیارە هەوڵنەدات شەخسی بارزانی رازی بکات و هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا نەدەن، ئەوا ناتوانن حوکمڕانیەکی باشتر لە ١٥ ساڵی رابردوو پیادە بکەن، بەمەش ناتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن و سەرەنجامیش وەك لە خۆپیشاندانەکانی بەسرە و شارەکانی دیکەی عێراق بینیمان تووڕەیی خەڵك رایاندەماڵێت.

دووەم: گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کوردستان لە رووی ئابوورییەوە چیدیکە بەسەر ئابووریی عێراقەوە بار نییە، بەڵکو کوردستان ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە رێژەی ٧٠٪ پشت بە ئابووریی خۆی دەبەستێت و هەنگاوەکانی حکومەتی کوردستان بەو ئاراستەیەن کە ١٠٠٪ پشت بە ئابووری خۆی ببەستێت، بۆیە ئەگەر لەگەڵ کوردستان کێشەیان نەبێت، ئەوا بەو بڕە پارەیەی لەناو پڕۆژە یاسای بودجەی عێراقدا لەبەردەستیانە دەتوانن بایەخ بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی عەرەبی شیعە و سوننەی عێراق بدەن و لەگەڵ خۆیان ئاشتی بکەنەوە، بەڵام ئەگەر کێشەیان لەگەڵ کوردستان هەبێت، ئەوا ئەگەر بودجەی عێراق دوو هێندەش بێت ناتوانن کێشەکانی خۆیان بە باشی چارەسەر بکەن.

سێیەم: گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سەرکردایەتی سیاسی و خەڵکی کوردستانیش خۆیان بە بەشێك لە دەوڵەتی عێراق نازانن، هەتا خەمی ئەوەیان بێت حوکمڕانی لە عێراقدا بەچ شێوەیەك بەڕێوە دەڕوات، ئەم قسانە لەسەر زاری سەرکردە باڵاکانی شیعە وەك عەلی دەباغ لە دەوڵەتی یاسا و بەها ئەعرەجی لە میدیاکانی عێراقدا جەختی لەسەر کراوەتەوەو راشکاوانە باسی ئەوەیان کردووە کە لایەنی کوردستان نە دەبێتە بەشێك لە هاوپەیمانی شیعە، نە دەستبەرداری سەربەخۆییش دەبێت، هەروەها راشکاوانەتر لە هەردوو تویتەکەی موقتەدا سەدریش دەرکەوتووە کە چۆن پەیامی خۆی ئاراستەی لایەنی کوردستانی و ئاراستەی لایەنە سوننەکان کردووە.

چوارەم: گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر لەگەڵ کوردستان کێشەیان نەبێت، ئەوا بە ئاسانی دەتوانن کێشەکانی خۆیان لەگەڵ لایەنی سوننە چارەسەر بکەن و لەسەر شێوازێك رێکبکەون، لەبەر ئەوەی لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقدا، کێشەی ناسنامە و کەلتوور و ئایین نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە کێشەی مەزهەبگەراییە، ئەمەش بە ئاسانی رێگەچارەی بۆ دەدۆزرێتەوە، بە مەرجێك لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعە بە هەنگاوی جددی لە عەرەبی سوننە بچنە پێشەوە، ئەمەش وەك لەماوەی چەند مانگی رابردوو

**لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کوردستان لە رووی ئابوورییەوە چیدیکە بەسەر ئابووریی عێراقەوە بار نییە، بەڵکو کوردستان ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە رێژەی ٧٠٪ پشت بە ئابووریی خۆی دەبەستێت و هەنگاوەکانی حکومەتی کوردستان بەو ئاراستەیەن کە ١٠٠٪ پشت بە ئابووری خۆی ببەستێت**

**لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر لەگەڵ کوردستان کێشەیان نەبێت، ئەوا بە ئاسانی دەتوانن کێشەکانی خۆیان لەگەڵ لایەنی سوننە چارەسەر بکەن و لەسەر شێوازێک رێکبکەون**

لە دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بینیمان، لەسەرەتاوە لایەنی عەرەبی سوننە زیاتر لەلایەنی کوردستانی نزیکتر بوون، وەك لە لایەنە شیعەکان و ئەوانیش وەك لایەنی کوردستانی پێداگرییان لەسەر سێ داواکەی لایەنی کوردستانی دەکردەوە (شەراکەت و تەوافوق و تەوازن)، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرکردەی لایەنە شیعەکان بەجۆرێکی جیاواز لە پێشتر لەگەڵ عەرەبی سوننە دانوستانیان کرد، دەبینین پێش ئەوەی حکومەتی تازەش پێکبهێندرێت، لایەنی عەرەبی سوننە نەك هەر باسی (شەراکەت و تەوافوق و تەوازن) ناکات، بەڵکو بوونە بەشێك لە هەردوو هاوپەیمانییە گەورەکەی شیعە و تەنانەت ئەو کاندیدە سوننەیانەش کە بۆ پۆستە وەزارییەکانی حکومەتە تازەکە کاندید دەکرێن، لەلایەن هەردوو هاوپەیمانی شیعەوە دەستنیشان دەکرێن، ناشتوانن ئەمە رەتبکەنەوە.

هەنگاوە جیاوازەکانی تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق لە دوای خۆپیشاندانەکانی بەسرە و شارەکانی دیکەی عێراق لەگەڵ کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق و بەتایبەتیش لەگەڵ لایەنی کوردستانی بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە لایەنە سیاسییەکانی شیعە هەوڵی خۆیان خستۆتەگەڕ، ئەگەر بیانەوێت لەو قەیرانەی تێی کەوتوون، رزگاریان بێت و کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، ئەوا تەنیا رێگە ئەوەیە کە خۆرزگارکردنیان لە قەیرانەکانی حوکمڕانی لە عێراقدا، رێگەکەی بە کوردستاندا تێدەپەڕێت و مێژووی ١٠٠ ساڵی رابردووی عێراقیش سەلماندوویەتی هەر حکومەتێکی عێراق نەیتوانیبێت لەگەڵ کوردستان بگاتە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش، ئەوا، یان نەیتوانیوە لە حوکمڕانیدا بمێنێتەوە، یان ئەگەر لە حوکمڕانیشدا مابێتەوە، ئەوا سەرەنجام بە رووڕەشی کۆتایی بە حوکمڕانییەکەی هاتووە، باشترین ئەزموونیش لەماوەی ١٠٠ ساڵی حکومەتی عێراقدا، مێژووی حوکمڕانیی حزبی بەعس و سەدام حوسێنە، بەعس و سەدام لە سەرەتادا زۆر باش کێشەی سەرەکیی حوکمڕانیی عێراقیان دەستنیشان کرد، بەوەی ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر بکەن، ئەوا هیچ کێشەیەك لە عێراقدا چارەسەرکردنی قورس نابێت، هەروەها سەدام حوسێن زۆر باش سەرچاوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی دەستنیشان کرد و رێگەی ناوپردانی گرتە بەر و لەگەڵ مستەفا بارزانی رێککەوت، ئەو دەیزانی کلیلی چارەسەر لای بارزانی مستەفایە، بۆیە سەدام و بەعس توانییان لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا نەك هەر تەنیا کێشەکانی عێراق چارەسەر بکەن، بەڵکو توانییان پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکانیان رێکبخەنەوە و نەوتی عێراق خۆماڵی بکەن، ئەگەر سەدام و بەعس لە رێککەوتننامەی ئادار پاشەکشەیان نەکردایە، عێراق و حوکمڕانی بەعس و سەدام نە دووچاری شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران دەبوو، نە پاشانیش دەکەوتە ئەو زەلکاوەی کە کەوێت داگیر بکات.

گرنگە بۆ ئێستای لایەنە شیعەکانی عێراقیش کە خۆیان وا پیشان دەدەن، ئێستاش چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان و بەغدا هەر لای بارزانی-یە، هەروەها گرنگە سوود لەهەردوو لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکەی حوکمڕانیی بەعس و سەدام وەربگرن، سەدام تەنیا بە رێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ مستەفا بارزانی، توانی لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٤ نەك هەر هەموو کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات، بەڵکو لەسەر ئاستی عەرەبی و نیودەوڵەتی عێراق ئەو دەوڵەتە بوو کە لە ساڵی ١٩٧٣ سیاسەتی (نەوت وەك چەك) لەدژی ئەمریکا و رۆژئاوا بەکاربهێنێت و لەسەر ئاستی عەرەبیش وەك جێگرەوەی میسری عەبدولناسر حیسابی بۆ دەکرا، بەڵام کە کێشەی لەگەڵ کوردستان دروستکردەوە و لەساڵی ١٩٧٤ شەڕی دەست پێکردەوە، ئەوا بەعس و سەدام هەر ئەو بەعس و سەدامە بوون لەژێر چەتری کیسنجەردا سازشی بۆ شای ئێران کردو وازی لە نیوەی شەتولعەرەب هێنا. ئەمە واقیعی سیاسەتی عێراق بووە لە ١٠٠ ساڵی رابردوودا و ئەگەر مێژوو لە حوکمڕانیی عەرەبی سوننەدا خۆی تراژیدیای دووبارە کردبێتەوە، ئەوا ئەگەر شیعەی عێراق هەوڵ نەدەن کێشەکانی کوردستان و بەغدا چارەسەر بکەن، ئەوا نە حوکمڕانییان پێدەکرێت و نە کێشەکانی خۆشیان بۆ چارەسەر دەکرێت، سەرەنجامیش ئەمجارەیان مێژوو خۆی بە گاڵتەجاڕی دووبارە دەکاتەوە.

**خۆرزگارکردن لە قەیرانەکانی حوکمڕانی لە عێراقدا، رێگەکەی بە کوردستاندا تێدەپەڕێت و مێژووی ١٠٠ ساڵی رابردووی عێراقیش سەلماندوویەتی هەر حکومەتێکی عێراق نەیتوانیبێت لەگەڵ کوردستان بگاتە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش، یان نەیتوانیوە لە حوکمڕانیدا بمێنێتەوە، یان ئەگەر لە حوکمڕانیشدا مابێتەوە، ئەوا سەرەنجام بە رووڕەشی کۆتایی بە حوکمڕانییەکەی هاتووە**

**لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقدا، کێشەی ناسنامە و کەلتوور و ئایین نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە کێشەی مەزهەبگەرایییە، ئەمەش بە ئاسانی رێگەچارەی بۆ دەدۆزرێتەوە**



**د.ئەحمەد سەفار**

پەرلەمانتاری عێراق بۆ گوڵان:

# ئەوەی لە ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای عێراقدا هاتووە سزادانی خەڵکی کوردستانەو دەبێت پشکی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ ١٧٪

**بە هاوشێوەی ساڵانی رابردوو حکومەتی کاربەڕێکەری عەبادی پشکی هەرێمی کوردستانی لە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٩ بە ١٢,٧٪ خەمڵاند، لەو پرۆژە بودجەیەدا پشکی پێشمەرگە و زۆر لە شایستەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا نییەو پێشێلکاریی دەستووری دەرهەق بە هەرێمی کوردستان لەخۆ دەگرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی د.ئەحمەد سەفار پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی دەخەینەڕوو.**

*** ئەمجارەش حکومەتی کات بەڕێکەری حەیدەر عەبادی پشکی کوردستانی لە بودجەی عێراق هەر بە ١٢,٧٪ رەوانەی پەرلەمان دەکات، بەڵام پەرلەمانی ئەمساڵ تازەیە، ئایا پێتوایە ئەم پەرلەمانە تازەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ پشکی کوردستان دەکات؟**

- ئەگەرچی تا ئێستا بە فەرمی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٩ی عێراق لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەند نەکراوە و نەگەیشتۆتە پەرلەمان، بەڵام بەپێی ئەو رەشنووسەی دزەی پێکراوەو خوێندوومەتەوە، پرۆژە یاساکە تووشی شۆکی کردووم، چونکە پرۆژە یاساکە نەك هەمان کۆپی پرۆژە یاسای ساڵی پێشووە و رێڕەوی سزادانی دارایی و نەختینەیی و ئابووریی دژی هەرێم و گەلی کوردستانی لەخۆ گرتووە، کە تێیدا پشکی هەرێمی بۆ ١٢,٦٧٪ کەم کردۆتەوە و چەندین مەرجی قورسی لەسەر هەرێم تێدایە، بگرە لەگەڵ هەرێمدا وەکو قەوارەیەکی سیاسی و ئابووریی سەربەخۆ مامەڵە ناکات، تەنانەت پشکی هەرێم لە بودجەی ئەمساڵدا زۆر کەمتر دەبێت لەساڵی رابردوو، چونکە هەرچی نەفەقاتی سیادی هەیە، زیاد کراوە بۆ نموونە (نەفەقاتی سیادی لەساڵی ٢٠١٧ تەنیا ٤٣ بڕگە بووەو لە ساڵی ٢٠١٨ بۆ ٩٥ بڕگە زیاد کراوە و لە ٢٠١٩ بۆ ١١١ بڕگە هەڵکشاوە)، ئەمەش کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی پشکی هەرێمی کوردستان دەبێت، هەر بۆیە بودجەی ٢٠١٩ی عێراق لە زۆر رووەوە زۆر خراپترە لە بودجەی ٢٠١٨.

*** ئەمە جۆرێك لە بەردەوامیی ئەو سزایانە نییە کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بە سەر گەلی کوردستاندا سەپێندران؟**

- لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە سزاو لێدانی ئابووریی هەرێم و بژێوی خەڵکی کوردستان راستەوخۆ دەستی پێکرد، ئەمەش هەمووی لە پێناو کەمکردنەوەی قەبارەی دەسەڵاتی حکومەت و دژایەتیکردنی خواست و ویستی خەڵکی کوردستانە بۆ سەربەخۆیی، هەربۆیە لە پرۆژە یاسای بودجەدا دووبارە ئاماژە بە هەرێمی کوردستان ناکات و باسی بودجەی پارێزگاکان دەکات، کەمکردنەوەی پشکی کوردستان بۆ ١٢,٦٧٪ مانای وا نییە ١٢٨ تریلیۆن دینار دەداتە کوردستان بەڵکو بە بەرزکردنەوەی نەفەقاتی سەروەریی لەم بڕە پارەیە نزیکەی ٥٩-٦٠ تریلیۆن دینار کەم دەبێتەوە و پشکی هەرێمی کوردستان بۆ نزیکەی لە ٨٪ کەم دەبێتەوە، کە خەرجییەکانی شەش مانگی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین ناکات، هەر بۆیە مومکین نییە ئێمە وەکو پەرلەمانتارانی کورد لەسەر ئەو بودجەیە رازی بین و رێگا نادەین لەناو پەرلەماندا پرۆژە یاسایەکی حکومەتێکی کاربەڕێکەر تێپەڕ بێت.

**جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لەچەندین بۆنەدا ئاماژەی بە سێ لە شایستەکانی میللەتی کورد کردووە کە (شەراکەت و تەوافوق و تەوازن)ـەو لە شەراکەتدا دەبێت چی بۆ عێراق هەبێت، بۆ کوردستانیش هەبێت**

*** ئایا حکومەتی کاربەڕێکەر لەدەسەڵاتیدایە پرۆژەیەکی وا بۆ پەرلەمان بەرزبکاتەوە کە بە نەخشەی ئابووری و دارایی داهاتووی حکومەتی نوێ دادەنرێت؟**

- لە ٢٠١٨/٧/١ هەموو دەسەڵاتەکانی حکومەتەکەی عەبادی کۆتایی هاتووە، هەروەکو چۆن لە ٢٠١٨/٦/٣٠ هەموو دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی رابردوو کۆتایی هات، ئەمە جگە لە هەندێك کاری ئیداری و بەڕێکردنی کاری رۆژانەی حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، ئەوەی عەبادی ئیدعای دەکات کە تا حکومەتی نوێ دەست بەکار دەبێت، تەواوی دەسەڵاتی هەیە، پێچەوانەی دەستوورە، د. محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق جەختی لەسەر ئەوە

**دەبێت سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق کار بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو سزا دارایی و ئابوورییانە بکەن کە دژی گەلی کوردستان دراوە**

**نەفەقاتی سیادی لەساڵی ٢٠١٧ تەنیا ٤٣ بڕگە بووەو لە ساڵی ٢٠١٨ بۆ ٩٥ بڕگە زیاد کراوە و لە ٢٠١٩ بۆ ١١١ بڕگە هەڵکشاوە**

**سەرۆکی پەرلەمانی عێراق جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە پەرلەمان ئیعتیراف بە هیچ بڕیارو پڕۆژەیەکی حکومەتی عێراق ناکات کە لە دوای ٢٠١٨/٧/١ دەرچووە**

کردەوە کە پەرلەمان ئیعتیراف بە هیچ بڕیارو پڕۆژەیەکی حکومەتی عێراق ناکات کە لە دوای ٢٠١٨/٧/١ دەرچووە و هاوکات سەرۆکی پەرلەمان لە کۆتایی هەفتەی رابردوودا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە حکومەتەکەی عەبادی پێویستە تەنیا ئاسانکاری بۆ بەڕێکردنی کاری رۆژانە لە ئیدارەی حکومەت بکات، نەك بەرزکردنەوەی پڕۆژە یاسای نوێ.

*** دیارە موناقەشەی ئەم بودجەیە زۆر دەخایەنێت و لەوانەیە حکومەتی داهاتووش دەست بەکاربێت، هێشتا بودجە پەسەند نەکرابێت، ئایا ئەگەر ئەم بودجەیە گەڕێندرایەوە بۆ حکومەتی عادل عەبدولمەهدی دەکرێت دەستکاریی پشکی کورد بکرێت و بەرز بکرێتەوە؟**

- ئەگەر پڕۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٩ی عێراق بۆ پەرلەمان بەرزیش بکرێتەوە، سەرەتا بۆ لیژنەی دارایی دەنێردرێت، کە بە تەئکید لەناو لیژنەکەدا تا حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەست بەکار نەبێت، گفتوگۆکان لەسەر پڕۆژە یاسای بودجە ناکرێت، کاتێکیش لەناو پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەوا ئێمە وەکو نوێنەرانی گەلی کوردستان پێداگری لەسەر بەرژەوەندییەکانی میللەتەکەمان و پێداویستییەکانی حکومەتەکەمان دەکەین و دەبێت رەچاوی مەبدەئی شەراکەت بکرێت. سەبارەت بە بڕگەی دووەمی پرسیارەکەشتان کە تاچەند دەستکاری پشکی کورد دەکرێت، بێگومان هەر حکومەتێك سیاسەتی خۆی هەیە، وا چاوەڕوانیش دەکرێت حکومەتی نوێ حکومەتی سەپاندنی گەمارۆ و سزای دارایی و ئابووری دژی کوردستان نەبێت، بودجەش بەو پێیەی پلانێکی دارایی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری و هەموو لایەنەکانی ژیانە بۆ ماوەی ساڵێکی ئایندە هەر بۆیە لەو باوەڕەدام حکومەتە نوێیەکەی د. عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق راوبۆچوونی حکومەتی عەبادی نابێت و روئیای باشی بۆ عێراق و کورد دەبێت، بگرە د.عادل عەبدولمەهدی پەیوەندی باشی لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی و کورد هەیە و ئاماژەی بەوەش داوە کورد پێکهاتەیەکی سەرەکییە و وتووشیەتی پێکەوە لەگەڵ پێشمەرگەدا شەڕمان دژی تیرۆریستانی داعش کردووە، تەنانەت د.عادل عەبدولمەهدی پێیوایە ئەگەر دۆخی کوردستان جێگیر و دروست نەبێت، ئەوا عێراق جێگر نابێت، بەپێچەوانەی کارو رەفتارەکانی عەبادی کە لە دواساتەکانیشدا فشارو پاڵەپەستۆ لەسەر کوردستان دەکات، بەڵام ئەم دژایەتیکردنەی عەبادی بڵقی سەر ئاوەو بەردەوام نابێت و هیچ مەترسییەکیشی نییە، ئەوەی گرنگە رێژەی پشکی کورد لە بودجەکەدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت و حکومەتی ئەمجارەی عێراق حکومەتێکی شەراکەتی بێت و بۆچوون و مامەڵەی جیاواز بێت بەتایبەتی کە هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەشدارن و لەسەر بابەتی پشکی کورد جۆرە یەکدەنگییەك هەیە، بەپێچەوانەوەشەوە ئەگەر ئەم حکومەتە نوێیەش لەسەر هەمان راوبۆچوونی حکومەتەکەی عەبادی بێت، ئەمە جێگای قبووڵکردن نابێت.

*** ئاماژەت بە ماددەو خاڵە نەرێنییەکانی تایبەت بە پشکی کورد لە بودجەکەدا کرد، وەك ئابووریناسێك، لە پڕۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٩ بێجگە لەوەی پشکی کورد کەم کراوەتەوەو بڕگەکانی خەرجی سیادی زیاد کراوە، ئایا خاڵە سلبییەکانی دیکەی ئەم پڕۆژە بودجەیە بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟**

- ئەم رەشنووسەی بەدەستی من گەیشتووە و ناویان لێناوە بودجە و بە هیچ شێوەیەك لە پڕۆژە یاسای بودجە ناکات، ئەوەی پەیوەندی بە پشکی کوردو مافە دەستوورییەکانیەوە هەیە، خاڵی سلبی و ناکۆکی زۆری لەسەرە، ئەگەر ماف و موستەحەقاتی هەرێمی کوردستان دەستکاری نەکرێت، گرفت و کێشەی زۆری لێدەکەوێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەم پڕۆژەیەدا پرس بە کورد نەکراوە، لە بنەڕەتیشەوە پڕۆژەی بودجەکە سەرپێچیی دەستووری تێدایە، کاتێك ئاماژە بە هەرێمی کوردستان ناگات، بەڵکو دەڵێت پشکی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، لە کاتێکدا لەدەستووردا هاتووە و دانی بە هەرێمی کوردستاندا ناوە وەکو هەرێمێکی سەربەخۆی سەر بە دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، ئەمە وێڕای ئەوەی لە پڕۆژە بودجەکەدا وەکو پارێزگا ئاماژە بە هەڵەبجە نەکراوە، تەنانەت بە هیچ شێوەیەك باسی پشکی پێشمەرگە و زیندانیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و چەندین بواری دیکە نەکراوە.

*** باسی ئەوەت کرد کە دەبێت رای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیاریکردنی پشکی کوردستاندا وەربگیرێت، بەڵام ئەوە چەندین**

**ساڵە لە داڕشتنی پڕۆژە یاسای بودجەدا پرس بە حکومەتی کوردستان ناکرێت، ئایا ئەمە پشتگوێخستنی هەرێمی کوردستان نییە؟**

- پرس و راوەرگرتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیاریکردنی پشکی کوردستان و یەکلاکردنەوەی مەسەلە دارایی و ئابوورییەکان ئەرکی حکومەتی هەرێمە، کە بەڕای من لە ناکۆکی و مەسەلە سیاسییەکان گرنگترە و دەبێت شاندی دانوستانکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بچێتە بەغداو لە نزیکەوە لەگەڵ حکومەتەکەی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی چارەسەری هەموو ئەم گرفت و کێشانە بکات. کێشەی کەمکردنەوە، یاخود دیاریکردنی پشکی کوردستان لەناو پەرلەماندا چارەسەر نابێت، چونکە لە دەسەڵاتی پەرلەماندا نییە پشکی هەرێمی کوردستان زیاد و کەم بکات، کاتێك پڕۆژە یاساکە بۆ پەرلەمان دێت، تەنیا دەسەڵاتی گواستنەوە و جێگۆڕکێی بڕە پارەیەك لەم بڕگەیەوە بۆ ئەو بڕگەیە هەیە، یاخود گواستنەوەی ئەو بڕە پارەیە لەم وەزارەتەوە بۆ ئەو وەزارەت کە لە دواجاردا هەر دەبێت رەزامەندیی حکومەتی لەسەر بێت.

*** محەمەد حەلبوسی لەسەرەتای دەستبەکاربوونی و سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێت کێشەی دارایی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت، پێتوایە تاچەند ئەمجارە پەرلەمانتارانی پارتی و کورد دەتوانن لۆبییەکی باش لەگەڵ پەرلەمانتارانی لیستەکانی دیکە بکەن بۆ ئەوەی نەهێڵن بودجەکە بەو شێوەیە تێپەڕێت؟**

- من دووبارەی دەکەمەوە کاری پەرلەمان نییە گۆڕانکاری لە ژمارەکاندا بکات، پەرلەمان دەتوانێت گفتوگۆ و موناقەلە بکات و رای خۆی دیاری بکات، ئەوەی دەمێنێتەوە لێکتێگەیشتنی نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانە، لێرەدا حەلبوسی پاڵپشتی چارەسەری کێشەکان دەکات، پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی هەرێم لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق گرفت و کێشەکان یەکلا بکەنەوەو ئەم پشکە بگۆڕێت بۆ رێژەیەکی تەوافوقی لە١٧٪، کە رێژەیەکی راستەو بەپێی دەستوور کە دەڵێت پشکی هەرێمی کوردستان بەپێی رێژەی ژمارەی دانیشتووانەکەی دیاری دەکرێت، دیاریکردنی ئەم رێژەیەش بەپێی ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتووان دەبێت، هەربۆیە بەپێی بۆچوون دانرا کاتێك هەرێمی کوردستان گوتی رێژەی دانیشتووانی هەرێم لە٢٠٪ و ئەوان لە سەردەمی حکومەتەکەی ئەیاد عەلاوی تەفاهومیان کردە لە سەر ١٧٪ . واتا پشکی هەرێمی کوردستان رێژەیەکی تەوافوقییە و دەبێت بە تەوافوق لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکاری هەرێم و عێراق زیاد و کەم بکرێتەوە، تا سەرژمێریی دانیشتووان ئەنجام دەدرێت. ئەوەی پەیوەندی بە لۆبی و هاوپەیمانێتییەکی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیشەوە هەیە، خۆشبەختانە ئێستا دوور لە ململانێ سیاسییەکانەوە سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر مافە دەستوورییەکانی کورد لە بودجەدا هەماهەنگیان لەنێواندا هەیەو دەکرێت لەگەڵ پەرلەمانتار و فراکسیۆنە عەرەبییەکانیشدا پەیوەندییەکی باشمان هەبێت و ئەوانیش هاوکارمان بن و رەچاوی دۆخی هەرێمی کوردستان بکەن.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەشێکی گرنگی دانوستانەکانیدا لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق داوا دەکات پشکی کورد بۆ ١٧٪ بەرز بکرێتەوە، ئایا ئەگەر ئەمە کرا، کاری ئێوە ئاسانتر نابێت بۆ گەڕانەوەی بودجەکە بۆ حکومەت؟**

- جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە چەندین بۆنەدا ئاماژەی بە سێ لە شایستەکانی میللەتی کورد کردووە کە (شەراکەت و تەوافوق و تەوازن) ە، لە شەراکەتدا دەبێت چی بۆ عێراق هەبێت، بۆ کوردستانیش هەبێت و نابێت گەلی کورد وەکو هاووڵاتی پلەدوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لە تەوافوقیشدا نابێت مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستان بەپێی زۆرینەو کەمینە بێت و لەناو زۆرینەیەکی عەرەبدا غەدر لە کورد بکرێت و زۆرینە کورد بسڕنەوە، لە تەوازنیشدا رێژەیەکی هاوسەنگ بۆ کورد لە هەموو ئیدارەو دامەزراوەکانی عێراقدا هەبێت، بەشدارییەکی کارای تێدا هەبێت. لەناو ئەم بنەمایانە مەسەلە دارایی و ئابوورییەکان بەشێکی سەرەکین و دەبێت رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دکتۆر عادل عەبدولمەهدی کار بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو سزا دارایی و ئابوورییانە بکەن کە دژی گەلی کوردستان دراوە و چەندین ساڵە لە سەردەمی عەبادی جێبەجێ دەکرێن و لەناو پەرلەماندا تێپەڕێندراوە.

**د.عادل عەبدولمەهدی پەیوەندی باشی لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی و کورد هەیە و ئاماژەی بەوەش داوە کورد پێکهاتەیەکی سەرەکییەو وتووشیەتی پێکەوە لەگەڵ پێشمەرگەدا شەڕمان لە دژی تیرۆریستانی داعش کردووە**

**خۆشبەختانە ئێستا دوور لە ململانێ سیاسییەکانەوە سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر مافە دەستوورییەکانی کورد لە بودجەدا هەماهەنگیان لەنێواندا هەیە**

# كۆنگرەی نیشتمانیی كوردیی سووریا تاكە چارەسەری قەیرانی بزووتنەوەكەمانە

سەرۆكی ئەمریكا سەرسامە بە كوردو ئازایەتیی ئەو گەلە، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەش بە هەمان شێوەو زیاتریش دەڵێت: «پێویستە كوردی سووریا لە چارەسەری سیاسیدا رۆڵی هەبێت..» باشە. ئەوەی تا ئێستا روویداوە تەنیا چەند وشەیەكی سۆزدارەو ئەمریكای پێ ناچار ناكرێت ماف داخوازییەكانی كورد بپارێزێت و زەمانەتی پێویست بە دەستووری سووریا جێگیر بكات. هەروەها دەڵێت: «ئەگەر ئەو دەوڵەتە مەزنە مكوڕ و جددییە لەمەودوا دەیەوێت بڕوای پێ بكەین و خۆشەویستیی گەلەكەمان بۆ خۆی رابكێشێت، پێویستە ئەم كارانە بكات:

١- نەبێتە لایەنگر لە ناكۆكیی كورد-كورد وەك ئێستا دەیبینین، بەتایبەتیش ئەوەی پشتیان پێ دەبەستێت، مەبەستم -پەكەكەیە- رەوتێكی ئایدیۆلۆژیی سەر بە ناوەندەكانی هێزگەلێكی ئیقلیمییە، بەرامبەرە جیاوازەكەی رەتدەكاتەوەو شكستی هێناوە لە بەڕێوەبردنی ناوچەكە لە رووی سیاسی و ئابووری و تەنانەت پەروەردەییشەوە.

٢- بە فەرمی هەڵوێستی خۆی رابگەیەنێت لەهەمبەر كێشەی كوردی سووریا و رێگاكانی چارەسەری ئەو كێشەیە.

٣- دەستپێشخەری بكات بە پشتیوانیكردن لە پڕۆژەی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردیی سووریا بە زۆرینەی سەربەخۆ، زەمانەتی بەستنیشی بكات لە ناوچەیەكدا، بەڵام بێ دەستتێوەردان، هاوكات هەر ئەنجامێكی لێ بكەوێتەوە لە بەرنامەو سەركردایەتییەكی هەڵبژێردراو كە نوێنەرایەتیی ئیرادەی كوردانی سووریا بكات.

**تاقمی حوكمڕان لە رووسیا لە پێشەوەی ئەوانەن كە دژایەتیی ئازادیی گەلان دەكەن و خراپترین نموونەیان لە بواری دژایەتی و داگیركاری و پشتوانیكردن لە ستەم پیشان داوە**

٤- بە قسەو كردار لەپاڵ سووریيەكان بوەستێت لە گۆڕانكاریی دیموكراسیدا، هەروەها نەهێشتنی ستەمكاری لەجیاتی ململانێ وەك داگیركار لەگەڵ رووسیا و ئێران و توركیای داگیركار.

ئەگەر ئەو دەوڵەتە مەزنە (ئەمریكا) جددی بێت و دەیەوێت بڕوای پێ بكەین با بۆ سەلماندنی نیازپاكییە لەرزۆكەكەی خۆی، چاو لەو دەستپێشخەرییە مێژوویيەی پێشان بكات لەم بوارەدا، مەبەستم ئەوەی كە ئیدارەی سەرۆك كلینتۆن بە كەسی وەزیری دەرەوە مادلین ئۆلبرایت كردی لە رێككەوتننامەی واشنتۆن لەنێوان دوو حزبی كوردی كە ئەوكاتە لەگەڵ یەكدی لە شەڕدا بوون (پارتی و یەكێتی) لە ١٧-٩-١٩٩٨، بەم شێوەیە سنوورێك بۆ شەڕی نێوانیان دانرا، ئەم هەنگاوە بە كۆی دەنگ رەزامەندیی پەرلەمانی كوردستانی بە ئامادەبوونی مەدام میتران بەدەستهێنا، بەمەش بنەماكانی ئاشتبوونەوەو ئاشتی دارێژرا، هەروەها رێككەوتن لەسەر پێویستی كشانەوەی چەكدارانی پەكەكە لە خاكی هەرێمی كوردستان، بە رەچاوكردنی جیاوازیی لە تایبەتمەندیی ئەو دوو حاڵەتە، لە پێشەوەی هەموو شتێك پابەندبوونی ئەمریكا بە ئاسایش و ئاشتیی گەلی كوردستانی عێراق و پشتگیریی فیدراڵییەت، ئەم سپۆنسەرە بۆ كوردی سووریا لەئارادا نییە، لە هەرێمی كوردستان پەرلەمانێكی شەرعی هەبوو، بەڵام لای ئێمە یەكەم شت و دوا شت پێویستە مەرجەعییەتێكی شەرعی بێتەئاراوە لەمیانی ئەو كۆنگرە كوردییەی كە ئاواتمانە لە چوارچێوەی دۆخێكی ئەمنی تا



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بتوانرێت ئیدارەی قەیرانەکە بکرێت و رووبەڕووی تەحەدییەکان ببینەوە.

ئێمە گەیشتووینەتە ئەو راستییە لە سۆنگەی بەدواداچوونمان و بەدرێژایی دەیەکانی رێڕەوی سیاسیی ئەمریکا لە ناوچەکە بەگشتی و لەهەمبەر کێشەی کورد بە شێوەیەکی تایبەت. ئەوانە پشتیان پێ نابەسترێت، بەڵکو هەمیشە و بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ سیستەمە دیکتاتۆری و فاشییەکان بوون، ئەوانە لەگەڵ پەیمانەکانی سەعد ئابادو سەنتۆو بەغداو ناتۆ رێککەوتننامەی جەزائیر و موجاهیدانی ئەفعان و ئیخوان موسلمین بوون، بە دوای پاشکۆو خزمەتکارو قوربانییەکانی ئەجینداکانیاندا دەگەڕێن، بەردەوامن لە مانەوەی رژێمی ستەمکاری ئەسەد، دژی ئیرادەی گەلی کوردستانی عێراق وەستانەوە لە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، تەنانەت یارمەتییاندان و تا ئێستاش لە ژێر حوکمڕانانی تاراندان کە تەحەکوم بە چارەنووسی عێراق و عێراقییەکان دەکەن، ئەوانە تەنیا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانن، بەڵام ئەوەی پێشنیارمان کردووە تایبەت بە پشتیوانیکردن لە بەستنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردیی سووریا، تەنیا داواکارییەکە لە داگیرکەر بۆ ناوچەکانمان، بە تەواوی وەك ئەوەی داوا لە تورکی داگیرکار کرا کە رێگە بە ئازادیی عەفرینییەکان بدرێت کە ئەنجومەنەکانیان دامەزرێنن، هاوکات بەرگری لە خاك و موڵکەکانیان بکەن، داواکەمان وەك ئاگادارکردنەوە بوو بۆ ئەوان کە بەرژەوەندیی گەلەکەمان لێرەدایە، ئێوە بەرپرسن لە هەر زیانێك کە بە گەلەکەمان بگات.

کوردو بزووتنەوە نیشتمانییەکانی سووریا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان و لە هەموو شوێنەکاندا بەدوای دۆستدا دەگەڕێن، هەروەها بەشداری دەکەن لە لابردنی چەوسانەوەی نەتەوەیی کە پێوەی دەتلێنەوە، ددانیش دەنێن بە مافەکانیان لە چوارچێوەی گۆڕانکاریی دیموکراسی لە سەرتاسەری سووریا. هاوکات پشتیوانیشیان دەکەن لە خەباتی رەوایان لەپێناو ئاشتی و پێکەوەژیانی نێوان سەرجەم گەلان و پێکهاتەکان لەسەر بنەمای چارەنووسی هاوبەش و بەشداریکردن لە بڕیاردا لەسایەی دەستوور. بەڵام ئەوەی لە رەفتاری زلهێزەکان تەنانەت بچووکەکانیشدا دەیبینین، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتەواوی جیاوازە لە رەوشت و مۆڕاڵی پابەندبوون بە پرەنسیپە باڵاکان دەربارەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان و مافی مرۆڤ، پێویستیش ناکات بگوترێت کە تاقمی حوکمڕان لە رووسیا لەپێشەوەی ئەوانەن کە دژایەتیی ئازادیی گەلان دەکەن و خراپترین نموونەیان لە بواری دژایەتی و داگیرکاری و پشتوانیکردن لە ستەم پیشان داوە.

لەلایەکی دیکەوە ناکرێ هۆکارە بابەتی و خودییەکان پشتگوێ بخەین کە رێگرن لەبەردەم بەدیهێنانی هاوکێشەی هاوسەنگ لە پەیوەندییەکانی کوردی سووریا لەگەڵ خەڵکی دیکە لە ناوەوەو دەرەوەدا. لەپاڵ هۆکارە نیشتمانییەکان پەیوەست بە کێشەکانی گەلی سووریا بەگشتی و ئۆپۆزسیۆن و شۆڕش و پرسەکانی دیکە کە رۆژ لەدوای رۆژ لە هەڵکشاندان، یان بەهۆی سەختیی پرۆسەی

**ناکرێ هۆکارە بابەتی و خودییەکان پشتگوێ بخەین کە رێگرن لەبەردەم بەدیهێنانی هاوکێشەی هاوسەنگ لە پەیوەندییەکانی کوردی سووریا لەگەڵ خەڵکی دیکە لە ناوەوەو دەرەوەدا**

پێداچوونەوە و بینادنانەوە، یان لەبەر ئەوەی هەندێ تاقمی چەکداری ئۆپۆزسیۆن دەبنە پاشکۆو پەڕگیر، یاخود هەندێ دەوڵەتی داگیرکار دۆخی نائومێدی سووریا دەقۆزنەوە لەپێناو بەرژەوەندی و دەسەڵاتدا. هاوکات یان خۆبەهێزکردنی رژێم بە داگیرکاران تاکو تاوانی دیکە دەرحەق سوورییەکان ئەنجام بدەن، بێگومان هۆکارە گرنگەکە کوردە کە لە دۆخێکی پەرتەوازەی نێو گۆڕەپانی نیشتمانیدایە، جگە لە لادانی حزبەکان لە هێڵی نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراسی بەتایبەتیش ئەوانەی کە دەسەڵات و سامان و چەکیان لەبەردەستدایە.

ئەگەر حزبەکانی دەسەڵاتی ئەمری واقیع و ئەنجومەنی نیشتمانی بەپیر بانگەوازی نیشتمانپەروەرانی کوردەوە بهاتنایە کە سوورن لەسەر هاوکاریکردن لە دابینکردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرەی گشتیی نیشتمانیی کوردیی سووریا کە بەرنامەیەکی سیاسی و کارنامەیەك و ئەنجومەنێکی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی شەرعی لێدەکەوێتەوە، ئەوا ئەمڕۆ پێویستیمان بە هیچ لایەنێکی دەرەکی نەدەبوو تا هۆکارەکانی بەستنی کۆنگرەکەمان بۆ دابین بکەن. هاوکات پێویستیمان بەوە نەبوو داوا لە ئەمریکاییەکان و خەڵکانی دیکە بکەین رێگەمان پێ بدەن لەنێو خاکی خۆمان کۆنگرەکەمان ببەستین، ئەمە هۆکارە سەرەکییەکەیە، فاکتەری خود، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لێکگەیشتن هەبووایە لەنێوان کوردانی سووریا بە هەموو حزب و بێلایەنەکانەوە، ئەوکات دەمانتوانی کۆنگرەکەمان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ببەستایە، ئەویش بە پشتیوانیی براکانمان کە لە ساڵی ١٩٧٠ یارمەتییان داین کۆنگرەی لەم شێوەیە لە ناوپردان ببەستین، هەروەها دەرگایان بۆ کردینەوە بۆ چەندین کۆبوونەوەی کوردانی سووریا و واژۆکردنی رێککەوتنەکان لە هەولێر و دهۆك.

لە پەیوەندیی بە فاکتەری خودەوە داوا لە هەموو رۆشنبیرو نووسەرانی نیشتمانپەروەری کوردی سووریا دەکەم، ئەوانەی کە گرنگیی زۆر دەدەنە کێشەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە رووی فیکری و رۆشنبیرییەوە راستەوخۆ بەرپرسیارێتییان لە ئەستۆدایە، کە هەست بە مەترسییەکە بکەن و زیاتر بایەخ بە کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بدەن، لە رێی نووسینی شیکاریی رەخنەگرانە دەربارەی بارودۆخی سیاسی بە بوێریی و شەفافییەتی زیاترەوە. هاوکات بە داهێنانی هونەری و رۆشنبیری بە بەکارهێنانی شێوازگەلێك کە شایەنی پیرۆزیی کێشە چارەنووسسازەکانمان بێت دوور لە جنێو و سووکایەتی.

بەڵێ، بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد لە قەیرانێکی سەختدایە، گەلیش مەینەتبارە، کێشەکەشمان لە پاشەکشەدایە، بەرپرسیارێتییەکەش گشتییە، بەڵام سەرکردایەتییە حزبییەکان پشکێکی زۆریان لە ئەستۆدایە، مافی هەموو مرۆڤێکی کوردی نیشتمانپەروەرە ئەم واقیعە رەتبکاتەوە، رەخنەی بنیادنەریش بگرێت بێ ئەوەی کێشە گەورەکە بە شەخسیی بکات، دەبێت بە بەرپرسیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پڕۆژانە بکات کە بۆ رزگارکردنی خراونەتەڕوو، پێشنیاریش پێشکەش بکات و بەدوای رێگاکانی رزگاریدا بگەڕێت، هەندێ کەس پڕۆژەو بەڵگەنامەیان بۆ بنیادنانەوەو کۆنگرەی گشتیی نیشتمانیی کوردی پێشکەش کردووە، مەبەستم (بزاف)ە، یان پشتگیریکردن لەم پڕۆژەیە و پەرەپێدان و بەجێهێنانی لەسەر ئەرزی واقیع، یان پێشکەشکردنی پڕۆژەیەکی چاکتر تاکو بە هەمووان پەسندی بکەن.

لێرەدا پێویستە دەرك بەو راستییە بکەین و لەبەردەم خەڵکدا دان بەوەدا بنێین کە بەردەوامبوونی دۆخی کوردی سووریا بەم شێوەیەی ئێستا لە پەرتەوازەیی و دابڕان و ململانێی قورسی حزبایەتی و گوێ پێنەدانی سەرکردایەتیی حزبەکان بە بانگەوازی یەکێتیی و یەکبوون کە (بزاف) لە رێی کۆنگرەی چاوەڕوانکراودا رایگەیاندووە، تەنیا مەینەتی و ماڵوێرانی بۆ گەلەکەمان دێنێتەدی، هەروەها کێشەکەمان بەرەو چارەسەری دادپەروەرانە ناچێت، جگە لەوەی بزووتنەوەکەمان کە لاوازو دابەش بووە هیچ رۆڵکی کاریگەر ناگێڕێت لە هەردوو کێشەی سووریاو کورددا. هاوکات بە نەرێنی دەشکێتەوە سەر پەیوەندییەکانمان لەناو کوردستانی دراوسێماندا، تەنانەت زیانێکی زۆر بە ئێستاو ئایندە و دەستکەوتەکانی براکانمان دەگەیەنێت لە هەرێمی کوردستانی عێراق.


**ئەگەر حزبەکانی دەسەڵاتی ئەمری واقیع و ئەنجومەنی نیشتمانی بە پیر بانگەوازی نیشتمانپەروەرانی کوردەوە بهاتنایە کە سوورن لەسەر هاوکاریکردن لە دابینکردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرەی گشتیی نیشتمانیی کوردیی سووریا، ئەمڕۆ پێویستیمان بە هیچ لایەنێکی دەرەکی نەدەبوو**

**بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد لە قەیرانێکی سەختدایە، گەلیش مەینەتبارە، کێشەکەشمان لە پاشەکشەدایە، بەرپرسیارێتییەکەش گشتییە، سەرکردایەتییە حزبییەکانیش پشکێکی زۆریان لە ئەستۆدایە**

## کێشەکانی میدیا لە هەرێم

### بەشی پێنجەم

# نەبوونی میدیای نیشتمانی



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەمرۆ لە فەرهەنگی میدیاییدا چەند زاراوەیەك بۆ میدیای نیشتمانی بە كار دێت، لەوانە: میدیای دەوڵەتی، میدیای گشتی، میدیای خەڵك، بەڵام لە وڵاتانی پێشكەوتوو مانایەكی تەواو كە بیدات بەم جۆرە لە میدیا كە بە مانای میدیای گشتی بێت و خزمەت بە گشت بكات ‹خزمەتگوزاریی گشتی›ی بۆ بەكاردێت كە زیاتریش پەخش، واتە رادیۆ و تەلەفزیۆنەكان نوێنەری ئەم جۆرە لە میدیان.

كە ئامانجەكانی ئەم میدیایە بریتین لە:

١-خزمەت بە هاووڵاتیان بكات بە هەموو پێكهاتە جیاوازەكانەوە و هاووڵاتی چەقی كارەكانی بێت و كۆیان بكاتە لەو بەرژەوەندی و خاڵانەی خزمەت بە هاووڵاتی و نیشتمان دەكات.

٢- رۆڵێكی فراوانی هەبێت لە پێدانی ماف بە خەڵك و مەودایەكی فراوانی هەبێت بۆ خزمەتكردن دوور لە دەستتێوەردانی سیاسی و بازرگانی.

٣- پارێزگاریكردن لە گەشەپێدان بە ناسنامەی نەتەوەیی و كولتووری و فەرهەنگی كە لە بەردەم مەترسیدایە لەلایەن میدیای بازرگانی و سەربەخۆكان.

ئەم میدیایە گەرچی كۆنە لە زۆر وڵاتی وەك بەریتانیا لە سەرهەڵدانی رادیۆی بی بی سی بەم جۆرە لە پەخش دەستی پێكردووە و بە رادیۆ و تەلەفزیۆن بەردەوامە تا ئێستا.

بایەخەكانی ئەم جۆرە لە پەخش یان میدیا وەك پسپۆڕێكی بواری ئەم مۆدێلە لە میدیا دەڵێت: ‹هەر وڵاتێك ئەم میدیایەی نەبێت، بۆشایەك دروست دەكات كە ناتوانێت هاووڵاتیانی كۆبكاتەوە لەسەر بەرژەوەندییەكانی خۆیان و نیشتمان و بەتایبەتی لەو وڵاتانەی كە فرەیین، نەبوونی ئەم میدیایە وەك ئەستێرە بە ئاسمانەوە دیارە›

هەڵبەت شێوازی ئیدارەدانی ئەم میدیایەو بودجەكەی باسی زۆرتری دەوێت تا لەسەری

قسە بکرێت کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەلایەن بۆردی تایبەتەوە کە راستەوخۆ پەرلەمانی وڵات چاودێری دەکات، سەرپەرشتی دەکرێت و لەو وڵاتانەی نیمچە دیموکراسی، یان دیکتاتۆرین، حکومەت سەرپەرشتی دەکات، ئەگەرچی سەرپەرشتیکردنی حکومەت سەرکەوتوو نییە وەك ئەوەی پەرلەمان سەرپەرشتی دەکات لە وڵاتانی دیموکراسی، بەڵام رەگەزێك لە رەگەزەکانی میدیای نیشتمان پیادە دەکرێت و باشترە وەك لەوەی لای ئەم حزب و ئەو حزب و کەرتی تایبەت بێت.

بودجەی ئەم جۆرە لە میدیا ئەگەر بەوشێوەیە بێت کە لای پەرلەمانەوە بە تەواوەتی دوورە لە دەستتێوەردانی سیاسی و بازرگانی و خەڵك چەقی کارەکانیەتی و ئەوە پارەکەی لەلایەن خەڵکەوە دەدرێت و لە ماڵان وەك باج وەردەگیرێت و ئەگەر کەموکورییەکەشی هەبوو، پەرلەمان لە پارەی گشتی بۆی خەرج دەکات .

**● دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی نەبوونی دەزگای چاودێری و میدیای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان**

پرۆسەی ئازادی لە کوردستان و دواتریش کرانەوەی بازاڕی بە رووی بازاڕەکانی جیهان و بوونی بە ناوچەیەکی وەبەرهێنان بۆ زۆر لە کۆمپانیا و کارگە جیهانییەکان، رێگەخۆشکەر بوو بۆ زۆربوونی کەناڵ و تەحویلبوونی مۆدێلی میدیا لە مۆدێلی حزبییەوە بەرەو خاوەنداریەتی تایبەت و پەیدابوونی سپۆنسەر و سەرچاوەی دارایی بۆ پشتگیریی راگەیاندن لە میدیای خوێندراوەوە تاکوو بینراو و بیستراو، کە ئەمە وایکردووە بە شێوازێکی زۆر خێرا ژمارەی کەناڵەکانی راگەیاندن زۆر ببێت و بەردەوامیش لە زیادبووندا بێت. سەرباری چوونە ناو ریکلام و میدیای بازرگانی لەلایەن زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە،کە ئەمە کۆمەڵێك دەرهاویشتەوە و ئاسەواری سلبی دروست دەکات لە وڵاتدا، ئەگەر بیر لە یاسا و رێکخستن و میدیایەکی نیشتمانی و گشتی نەکرێتەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵی .

دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی نەبوونی دەزگای چاودێری و میدیای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان

**بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد لە قەیرانێکی سەختدایە، گەلیش مەینەتبارە، کێشەکەشمان لە پاشەکشەدایە، بەرپرسیارێتییەکەش گشتییە، سەرکردایەتییە حزبییەکانیش پشکێکی زۆریان لە ئەستۆدایە**

١. فرەکەناڵی و نەبوونی کەناڵێکی نیشتمانی کە زمانحاڵی نیشتمان و وڵات بێت، شپرزی و بێسەروبەری لە دامەزراندنی کەناڵی لێدەکەوێتەوە.

٢. ونبوونی گوتاری هاوبەشی نیشتمانی.

٣. دابەشبوونی بینەر هەر یەکە بە پێی کەناڵە جیاوازەکان.

٤. نەمانی ناسنامەی کولتووری، نیشتمانی، ئایینی.

٥- لاوازبوونی ئینتیمای نەتەوەیی، لەبەر نەبوونی کەناڵێك کە کەناڵی گشت و رۆحی هاووڵاتیبوون و کوردبوون بپارێزێت.

٦. لاوازبوونی زمانی کوردی و بێئومێدبوون لە زمانی ستانداری کوردی.

٧. نەمان و لاوازبوونی ئەدەب و هونەر و موزیکی کوردی.

٨. هاوردەکردنی بەرهەمی جۆراوجۆری بیانی وەك فیلم و دراماو بەرهەمە میدیایەکانی دیکە، لەبەر زۆربوونی کەناڵەکان و نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی کە ئەمە زیان بە کولتووری نەتەوەی دەگەیەنێت و بیرۆکەی نامۆ و توندوتیژی و... هتد لە ناو وەرگرەکاندا زیاد دەکات.

**● پێداویستییەکان**

١. دامەزراندنی دەزگایەکەی تایبەت بە رێکخستنی میدیا و کۆمینیکەیشن چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ میدیای بازرگانی و چۆنیەتی و چەندایەتیی کەناڵ و بەرهەمە پەخشکراوەکان.

٢. دامەزراندنی تۆڕێکی پەخشی نیشتمانی کە خۆی لە رادیۆ و تەلەفزیۆنێکی نیشتمانیی هاوبەشدا ببینێتەوە، کە ئەمەش یاساو پرەنسیپی ستانداری خۆی هەیە، لە رووی رێکخستن، پرۆگرام، ئیدارە و دارییە.

٣. بیرکردنەوە لە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی میدیایی بەتایبەتی فیلم و دراما، بە تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆی و سوودوەرگرتن لە دەرهێنەرو ستافی بەرهەمهێنەری بیانی، تاکوو بتوانرێت لانیکەم بەرهەمێکی تایبەت بە گوێرەی پێداویستیبە هونەری و فەرهەنگی و پەروەردەییەکانی هاووڵاتیانی کوردستان بەرهەم بێنێت.

٤. یاسایەك بۆ چۆنیەتی هاوردەکردنی

**هاوردەکردنی بەرهەمی جۆراوجۆری بیانی وەک فیلم و دراماو بەرهەمە میدیایەکانی دیکە، لەبەر زۆربوونی کەناڵەکان و نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی زیان بە کولتووری نەتەوەی دەگەیەنێت و بیرۆکەی نامۆ و توندوتیژی و...هتد لە ناو وەرگرەکاندا زیاد دەکات**



بەرهەمی بیانی و چۆنیەتی پەخشکردنی لەلایەن کەناڵەکانەوە دابنرێت.

**● ئاستەنگە سیاسی و ئیدارییەکان**

- هیچ دامەزراوەیەکی حکومی لە هەرێم مۆرکی نیشتمانیبوونی پێوە دیار نییە، لە سەرۆکایەتییەوە بیگرە تا پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگای یاسایی و پەروەردەیی و...هتد، بەڵکو حزبیبوون و سازشی سیاسی و تەوافوقی حزبی هۆکاری پێکهێنانی بووە.

-میدیا وابەستەی سیستەمی سیاسیی وڵاتە، سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا سیستەمێکی چەقبەستووە کە حزب سەنتەرە، نەک هاووڵاتیبوون.

- نەبوونی دەزگایەکی چاودێر و ڕێکخستن بۆ میدیا لە هەرێمدا، ترسی نەتوانینی سەربەخۆبوونی دەزگایەکی وا کە حزب قۆرخی نەکات و بۆ کۆنترۆڵ بەکاری نەهێنێت لە وڵاتدا ڕێگە نادات بیری لێ بکرێتەوە، کە دەزگایەکی واش بوونی نەبێت، ئەستەمە میدیایەکی نیشتمانی بێتەئاراوە.


**● ئاستەنگە ئابوورییەکان لە ٣ خاڵدا کۆکراوەتەوە**

١. ئابووریی وڵات شپرزی و ناشەفافییەت و دیارنەبوونی (اموال عامة) ئەو جۆرە ئومێدە نادات کە بتوانرێت پشتیوانی لەم جۆرە لە میدیا بکات.

٢. دانی ئابوونە بۆ کەناڵ کولتوور نییە لەم وڵاتەدا، بۆیە پێویستی بە بوونی سیستەم و حکومەتێکی نیشتمانی هەیە کە پەیڕەوی ئەو سیستەمە بکات.

٣. ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی میدیای کوردی، کە ئەمە گرنگی و مەرجی سەرەکیی بوونی میدیایەکی نیشتمانییە، لە لایەکی ترەوە میدیا نیشتمانییەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو، بەرهەمهێنەرن و لە هەمان کاتدا بەشێك لە دارییان لە فرۆشتنی بەرهەمەکانی خۆیانەوە دەست دەکەوێت، کە یارمەتییان دەدات بۆ سەربەخۆیی دارایی. نموونە کەناڵی بی بی سی لە ١٥٪ داهاتی لە ڕێگەی یەك بەرهەمی منداڵانەوەیە (تیلی تیوب) جگە لە بەرهەمی تری وەك فیلم و دۆکیومێنتاری و بەرهەمی تری منداڵان.

**هیچ دامەزراوەیەکی حکومی لە هەرێم مۆرکی نیشتمانیبوونی پێوە دیار نییە، لە سەرۆکایەتییەوە بیگرە تا پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگای یاسایی و پەروەردەیی و...هتد، بەڵکو حزبیبوون و سازشی سیاسی و تەوافوقی حزبی هۆکاری پێکهێنانی بووە**



ئەماتزیا بارام پرۆفیسۆری فەخرییە لە بەشی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێشتریش سەرۆکی ئەم بەشە بووە، بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری سەنتەری دیراساتی عێراقییە لە زانکۆی حەیفا لە ئیسرائیل و پێشتریش لە هەمان زانکۆ بەڕێوەبەری سەنتەری جوولەکە-عەرەبی بووە. لە چەند سەنتەرێکی نێودەوڵەتی توێژینەوەی گرنگی کردووە، وەك سەنتەری وودرۆ ویڵسۆن، برۆکینز. هەروەها چەندین توێژینەوەو موحازەرەی هەیە لەبارەی کۆمەڵگەی عێراقەوە. پرۆفیسۆر بارام لە ساڵی ١٩٨٦ەوە لەلایەن حکومەتی ئیسرائیلەوە راوێژی پێدەکرێت لە بارەی عێراق و کەنداوی فارسەوە، هەر لە هەمان بواردا راوێژکاری چەند ئیدارەیەکی ئەمریکا بووە (وەك ئیدارەی رۆناڵد رێگان، جۆرج بوشی باوك، بیل کلینتۆن و جۆرج بوشی کوڕ). لە میانەی دیمانەیەکدا کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە رەوشی ئێستای عێراق و ئەگەر و ئاراستەکانی ئایندەی بەردەم ئەم وڵاتە و چەند بابەتێکی دیکە، گوڵان چەند پرسیارێکی لێکردو ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانەی تایبەت

**ئەماتزیا بارام**

**تایبەتمەندی کاروباری عێراق بۆ گوڵان:**

# ئەگەری ئەوە هەیە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا تیرۆرێکی دیکە لە عێراقدا سەرهەڵبداتەوە

*** وەك کەسێکی شارەزای کاروباری عێراق هەڵسەنگاندنت چییە بۆ رەوشی عێراق لەبەر رۆشنایی ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانەی بەم دواییە لەم وڵاتەدا روویان داوە؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە تا ئێستا هەواڵەکان باشن لەو رووەوە کە کاندیدی سەرۆك وەزیران راسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت کە ئومێدەوارم ئەم پۆستە بگرێتەدەست، هەروەها من پێم وایە باشترین کەسێکە بۆ ئەو پۆستە، بە دڵنیاییەوە من پێم باشتر بوو کوردێك ئەم پۆستە بگرێتەدەست، بەڵام واقیعەکە لە عێراقدا ئەوەیە کە کورد ناتوانێت بەرپرسیارێتی ئەم پۆستە بگرێتەئەستۆ، کەواتە ئەگەر نەکرێت کوردێك بکرێتە سەرۆك وەزیران، ئەوا عادل عەبدولمەهدی کەسێکی باشە بۆ ئەم پۆستە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رووبەرووی کێشەی جددی دەبێتەوە لە پێکهێنانەی حکومەتەکەیدا، لەبەر ئەوەی ناچارە هاوسەنگییەك دروست بکات لە نێوان ئەو هێزانەی لە ئێرانەوە نزیکن لەگەڵ گرووپ و سەرکردە سەربەخۆکان، کەواتە ئەو ئەرکێکی قورسی لە پێشە.

*** باسی هەواڵە خۆشەکەت کرد، بەوەی عادل عەبدولمەهدی بە کەسایەتییەکی باش و شایستە دەزانی بۆ گرتنەدەستی پۆستی سەرۆك وەزیران، بەڵام باسی هەواڵە ناخۆشەکەت نەکرد؟**

- هەواڵە ناوخۆشەکە ئەوەیە کە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە لە باکووری وڵاتەکەدا- بە کوردستانیشەوە- وەك پێویست بە رەوتێکی خێرا بەرێوەناچێت و دەبێت لەم رووەوە پەلە بکرێت. هەروەها ئێمە دەزانین کێشە لە بەشی باشووری وڵاتەکەش هەیە. کە کێشەکانیش پەیوەستن بە ژێرخان و پرسی دابینکردنی کارەبا و ئاو و.. هتد. بەڵام لە ئێستادا داهاتی عێراق زیادی کردووە و پێویستە ئەم داهاتەش تەرخان بکرێت بۆ بواری

**هیوادارم عادل عەبدولمەهدی کە خۆی کەسێکی ئابووریناس و راستگۆیە و لە گەندەڵییەوە تێوەنەگلاوە، حکومەتەکەی لە کەسانی شارەزا و تایبەتمەند پێکهاتبێت نەک لە سیاسییەکان**

**پارتی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا و لە پێگەیەکی بەهێزدایە، بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە، دەبێت یەکێتی و گۆڕان بکرێنە بەشێک لە پرۆسەی بڕیاردان و حکومەتێکی هاوپەیمانێتی پێکهێنرێت و رکابەرێتییەکان تێپەڕێندرێت**

پەرەپێدان لە کوردستان و لە موسڵ و ئەنبار و هەروەها لە بەسرە، بەڵام من نابینم ئەمانە رووبدەن. لەبەر ئەوە ئومێدی من ئەوەیە کە دوای ئەوەی عادل عەبدولمەهدی دەبێتە سەرۆك وەزیران- کە خۆی کەسێکی ئابووریناس و راستگۆیە و لە گەندەڵییەوە تێوەنەگلاوە- حکومەتەکەی لە کەسانی شارەزا و تایبەتمەند پێکهاتبێت نەك لە سیاسییەکان، چونکە دەکرێت لە ماوەی دوو ساڵدا دەرئەنجامی باش بێتەئاراوە. بە کورتی تا ئێستا هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەت مایەی هاندانن، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دڵنیا نین کە چ جۆرە حکومەتێك دێتەئاراوە، دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین.

*** باشە چ هەڵسەنگاندنێکت بۆ رۆڵی کورد هەیە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و لە ئایندەی ئەم وڵاتەشدا؟**

- سەرەتا با ئەوە بڵێم کە من لە ساڵی ١٩٩٤دا و لە واشنتۆن دی سی دوو سەرکردەی کوردم بینی- کە ئەو کاتە من راوێژکاری ئیدارەی ئەمریکا بووم- کە هەردووکیان هاوڕا بوون لەگەڵمدا کە شەڕکردن لە نێوان دوو لایەنە کوردییەکەدا لە بەرژەوەندیی کورد نییە، واتە هەردوولا تێگەیشتبوون لەوەی دەبێت شەڕ بوەستێت. ئێستاش دۆخێکی هاوشێوە هەیە- ئەگەرچی شەڕ نییە- کە پێموایە زۆر مەترسیدارە، لە بەر ئەوە پێموایە دەبێت هەردوو لایەنەکە (پارتی و یەکێتی) لەگەڵ گۆڕاندا بگەنە بەرنامەیەکی هاوبەش و پێکەوە بەو بەرنامە هاوبەشەوە بچنە بەغدا. چونکە ئەگەر عادل عەبدولمەهدی حکومەتی پێکهێنا، ئەوا کاتە دەکرێت بە شاندێك سەردانی بکەن و پێی رابگەیەنن کە سەرجەم نوێنەرانی کورد تاسەر پشتیوانیت دەکەن، بەڵام لەبەرامبەردا ئێمەش هەندێ داواکاریمان هەیە کە دەبێت هاوکاریمان بکەیت، پێم وایە ئەو زۆر هاوکار دەبێت، لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من دەرفەتێك لەبەردەم ئێوەدا هەیە و خۆ ئەگەر پێکەوەنەبن ئەوا هیچ بەدەست ناهێنن.

*** کەواتە لە ئێستادا هێنانەئارای تەباییەکی سیاسی و دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو و هاوبەش لەلایەن کوردەوە پێویستییەکی بەپەلە و چارەنووسسازە؟**

- ئێوە هەڵبژاردنی پەرلەمانیتان کرد و لەو هەڵبژاردنانەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، واتە ئێستا پارتی لە پێگەیەکی بەهێزدایە، بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو دەبێت یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و گۆڕان بکرێنە بەشێك لە پرۆسەی بڕیاردان و حکومەتێکی هاوپەیمانێتی پێکهێنرێت و رکابەرێتییەکان تێپەڕێندرێت، ئەمە بۆچوونی منە. ئەگەر پرسیاری ئەوەشم لێدەکەیت ئایا کورد دەتوانێت ئەمە بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانێت، چونکە ئەگەر وانەکەن، ئەوا زیانێکی زۆر لە بەغدا دەکەن، کە ئێوەش بۆ زۆر شت پێویستتان بە بەغدا هەیە. ئەوەی زۆر نیگەرانم دەکات، ئەوەیە کە نەتوانن شێواز و رێگایەك بدۆزنەوە بۆ ئیدارەدانی جیاوازییەکانتان، ئێمە لە ئیسرائیل هەمان کێشەی ئێوەمان هەیە، هەمیشە حکومەتی هاوپەیمانیمان هەبووە و موعارەزەیەکی بەهێزیشمان هەیە، لەبەر ئەوەی موعارەزەش لەم وڵاتەدا چەند مافێکی هەیە و دەسەڵات ناتوانێت فەرامۆشیان بکات، کە ئەگەر لە رووی سیاسییەوە قسە بکەین، ئەوا ئیسرائیل وڵاتێکی سەقامگیرە، ئێمە لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوودا تەقەمان دژی یەکتر نەکردووە، مەبەستم ئەوەیە دوایین جار کە تەقەمان لە دژی یەکتر کرد ٧٠ ساڵ بەر لە ئێستا بوو، واتە راستە ئێمە شەڕمان لە دژی یەکتر کرد، بەڵام ئەمە کۆتایی هات و ٧٠ ساڵە دووبارە نەبۆتەوە، هەندێ جار دەسەڵات بە دەست ئەم لایەنە و هەندێ جاریش بە دەست لایەنێکی دیکەیە و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیش بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدرێت. دواتر ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسی کوردستان، ئەوا ئاشکرایە کە ئێوە لە دۆخێکی ئابووری زۆر دژواردان، ئەمەش دۆخێکی باش نییە، لەگەڵ ئەوەشدا یەك لایەنی باشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئێوە لە بەشێکیدا پشت بە داهاتی نەوتی خۆتان دەبەستن، ئەوا دەبێت فێربن کە چۆن ئابوورییەکی سەربەخۆ بنیاد بنێن، چونکە چەند ساڵێك پێش ئێستا کە بەشە بودجەتان لە بەغداوە وەردەگرت، ئەوا لە ١٠٠٪ پشتتان بەو بەشە داهاتەی نەوت دەبەست و ئەمەش بواری نەدەدا کە ئابووری گەشە بکات، کە ئەمەش دۆخێکی زۆر خراپە. کەواتە بەغدا بە رێگایەکی سەیر- واتە ئەمە مەبەستی ئەوان نەبوو- فێری کردن، ئەویش کاتێك بەشە بودجەی بڕین، کە ئابووری تایبەت بە خۆتان بنیاد بنێن، ئێستاش دەزانم کە لە کوردستاندا بە رەوتێکی

لەسەرخۆ هەنگاو بۆ بایەخدان بە کەرتی تایبەت هەڵدەگیرێت، کە هەر دەبێت ئەم کارە بکەن. با جارێکی دیکە بەراوردێك بە ئیسرائیل بکەین، ئێمە لە ئیسرائیل هیچ نەوتمان نەبوو کاتێك بووینە دەوڵەت، هەرچەندە ئێستا ئێوە دەوڵەت نین و دەکرێت لە ئێستادا نەبنە دەوڵەت و لە کاتی خۆیدا ئەمە رووبدات، واتە مەسەلەیەکی زۆر بەپەلە نییە، بەڵام ئێوەی کورد ئەوەی لە ئێستادا دەتوانن ئەنجامی بدەن، پەرەپێدانی ئابوورییەکی سەربەخۆیە پێش ئەوەی لە رووی سیاسییەوە سەربەخۆ بن. کەواتە لەم قۆناغەدا دوو شت گرنگە، یەکەمیان بواری پەروەردەیە، کە من دەزانم دوو تا سێ زانکۆی باش هەن لە کوردستاندا، بەڵام زۆربەی قوتابیان لە زۆرێك لە زانکۆکانی دیکەدا دەزانن کە پێویست ناکات زۆر خۆیان ماندوو بکەن، چونکە هەرچۆنێك بێت بڕوانامەکە بەدەست دەهێنن، کە ئەمەش شتێکی باش نییە، لەبەر ئەوە دەبێت پەروەردە بەرەوپێش بچێت و ئابووریش بەرەوپێش بچێت. واتە دەبێت ئێوە لە رووی ئابووری و لە رووی پەروەردەییەوە لە ریزی پێشەوە بن لە جیهاندا، لەم روانگەیەوە دەبێت ئەولەوییەتی ئێوە بەرەپێشبردنی بواری پەروەردە و ئابووری بێت. هەروەها دەبێت ئابووری لە کەرتی تایبەتدا رەنگ بداتەوە و ناکرێت تەنیا کەرتی گشتی بێت. رەنگە ئێستا ئێوە رووبکەنە بەغدا و بەشێك لە داهات بەدەست بهێنن، بەڵام نابێت ئەو داهاتە تەنیا بۆ مووچە تەرخان بکرێت، ئەمە بیرۆکەیەکی باش نییە و دەبێت ئەم داهاتە بخەنە بواری وەبەرهێنانی ئابوورییەوە، بیخەنەگەڕ لە بواری پڕۆژەکان و لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵدا.

*** ئاشکرایە کە سیاسەتی حکومەتەکانی پێشووی عێراق بۆ پەراوێزخستنی سوننەکان و هەستنەکردنی سوننەکان بەوەی بە شێوەیەکی گونجاو نوێنەرایەتیان دەکرێت لە سیستمە سیاسییەکەی عێراقدا کارەساتی بەدوادا هات، ئایا ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەم کارەساتانە لە ئایندەدا لە ئارادا نییە؟**

- من پێتان ناڵێم لە کوێ، بەڵام من لە دەرەوەی عێراق چاوم بە سەرکردە سوننەکان کەوتووە، لە راستیدا ئەوان زۆر نیگەرانن و ئەوان پێیان راگەیاندم کە نایانەوێت جارێکی دیکە داعش دروست ببێتەوە و لەم رووەوە ترسیان هەیە. بەڵام ئاماژەش بەوە دەکەن کە سوننەی ئەنبار و سەڵاحەددین و بەعقوبە و موسڵ زۆر تووڕەن، ئەوان تووڕەن، بەڵام لەم ساتەوەختەدا ئەوان زۆر لاوازن. لەبەر ئەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت کە لە ماوەی ساڵێکدا چالاکییەکانی داعش زیاد بکات لە ئەنجامدانی تەقینەوە و کوشتن لێرەو لەوێ، ئەگەرچی رووداوی گەورەو بەرفراوانیش نەبن، کە ئەمەش دەرئەنجامێکی زۆر خراپە. بەڵام ئەگەر بێتو حکومەتی عێراق بتوانێت هاوکاری سوننەکان بکات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و بۆ ئەوەی شوێنەکانی خۆیان و ئابووریی ناوچەکانیان بنیاد بنێنەوە و سیستمی پەروەدە و تەندروستی و هێزی پۆلیسی مەحەلی بنیاد بنێنەوە، ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی چالاکییەکانی داعش بەرفراوان نەبن، واتە ناکرێت بڵێین سەد دەر سەد کۆتاییان پێدێت و ریشەکێش دەکرێن، بەڵام لە بازنەیەکی بەرتەسکدا قەتیس دەکرێن. با دووبارە بگەڕێینەوە بۆ نموونەی ئیسرائیل، لە ئێستادا هیچ کەسێك لە ئیسرائیل باوەڕی وا نییە کە بتوانرێت بە تەواوەتی و بە یەکجارەکی تیرۆری فەلەستینییەکان ریشەکێش بکرێت، واتە کەس بەم شێوەیە بیرناکاتەوە، چونکە ئەمە عەمەلی نییە، بەڵام بیرۆکەکە ئەوەیە کە ئاستی ئەم تیرۆرە کەم بکرێتەوە، ئەویش لە رێی نەك تەنیا گرتنەبەری رێوشوێنی ئەمنییەوە، بەڵکو لە رێی هاوکاریکردنیانەوە لە رووی ئابوورییەوە. واتە لە ئیسرائیلدا کاردەکرێت بە ئاراستەی ئەوەی لە رووی ئابوورییەوە هاوکاریی فەلەستینییەکان بکرێت، تەنانەت لە غەززەشدا کە لەژێر حوکمڕانیی حەماسدایە، کە لەم رووەوە مەحمود عەباسیش هەوڵی بەم ئاراستەیەدا خستۆتەگەڕ، بەڵام ئەوەی دەیکات وەك پێویست نییە، بەڵام ئێمە کارێك دەکەین بۆ ئەوەی ئەویش هەنگاوێك هەڵبگرێت بەم ئاراستەیەدا. کەواتە ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەتان، ئەوا من دەڵێم ئەگەر سوننەکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هاوکاری نەکرێن، ئەوا لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا تیرۆرێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە، لەبەر ئەوەی دانیشتووانی سوننە زۆر تووڕەن، بڕواننە ئەو هەموو خۆپیشاندان و پشێوییە لە بەسرە روویدا، بەڵام سوننە نەچوونە پاڵیان، کە لە سایەی هەلومەرجی ئاساییدا سوننەکان دەچوونە پاڵ ئەم خۆپیشاندانانە، لەبەر ئەوەی ئەوانیش

**ئێوەی کورد ئەوەی لە ئێستادا دەتوانن ئەنجامی بدەن، پەرەپێدانی ئابوورییەکی سەربەخۆیە پێش ئەوەی لە رووی سیاسییەوە سەربەخۆ بن**

**رەنگە ئێستا ئێوە رووبکەنە بەغدا و بەشێک لە داهات بەدەست بهێنن، بەڵام نابێت ئەو داهاتە تەنیا بۆ مووچە تەرخان بکرێت، ئەمە بیرۆکەیەکی باش نییە و دەبێت ئەم داهاتە بخەنە بواری وەبەرهێنانی ئابوورییەوە، بیخەنەگەڕ لە بواری پڕۆژەکان و لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵدا**

بە دەست هەمان كێشەوە دەناڵێنن، بەڵام سوننە هێندە لە شیعە تووڕەن كە نایانەوێت پشتیوانی هیچ شتێك بكەن كە لە ناوچە شیعەنشینەكاندا روودەدەن، واتە نە پشتیوانی حكومەتەكە و نە پاڵپشتی خەڵكەكەشی ناكەن كاتێك خۆپیشاندان دەكەن، ئەمەش دۆخێكی باش نییە.

*** كەواتە ئەركی حكومەتی عێراقە كە هاوكاریی پێویستی ئەو ناوچانە بكات بۆ ئەوەی جارێكی دیكە زەمینەی سەرهەڵدانی دۆخێكی دیكەی كارەساتبار دروست نەبێتەوە؟**

- لە روانگەی هەموو ئەوانەی پێشتر ئاماژەم پێكردن، ئەوا دەبێت حكومەتی عێراق ئاوڕی جددی لە ناوچە سوننەكان بداتەوە كە بە رادەیەكی گەورە وێران بوون، راستە لە ئێستادا و لەم ساتەوەختەدا سوننەكان ناتوانن راپەڕین بكەن، لەبەر ئەوەی زۆر لاوازن، بەڵام ئەگەر بەهێز بوون، ئەوا جارێكی دیكە راپەڕین دەكەنەوە. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوو كە حكومەتی شیعەی بەغدا ناوچەكانی باشووریشی فەرامۆش كردبوو، نارەزایەتیی زۆری لێكەوتەوە، كەواتە ئەركی حكومەتی عێراقە كە ئاوڕ لە ناوچە سوننەكان و هەروەها لە ناوچە شیعەكانی باشووریش بداتەوە و من پێموایە باشترین كەسێك لە ئێستادا بۆ ئەوەی ئەم ئەركە ئەنجام بدات عادل عەبدولمەهدی-یە، چونكە كەسێكی ئابووریناسە و لە گەندەڵییەوە تێوەنەگلاوە، بەڵام ئایا پشتیوانی سیاسییەكانی دیكە بۆ خۆی دەستەبەر دەكات، من وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم.

*** ئاماژەت بەوە كرد عادل عەبدولمەهدی كەسێكی باش و شایستەیە بۆ پێكهێنانەی حكومەت، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەو حكومەتەی پێكدەهێندرێت، ناكەوێتەبەر بەرداشی ململانێی نێوان ئەمریكا و ئێران و ئایا ئەمە كاریگەری خراپی لەسەر بەرژەوەندییەكانی عێراق نابێت؟**

- بەڵێ، ئەمە مەترسییەكی گەورەیە، واتە من ناڵێم سەد دەر سەد روودەدات، بەڵام بێگومان ئەمە ئەگەرێكە. بەڵام كە پێموایە بۆ ئەوەی عادل عەبدولمەهدی سەركەوتوو بێت، ئەوا پێویستە چەند هەنگاوێك هەڵبگرێت، یەكەمیان ئەوەیە كە دەبێت حكومەتێك پێكبهێنێت كە ئەندامەكانی بەند نەبن بە ئینتیمای حزبییەوە، واتە كەسانی خاوەن توانا و شارەزایی بن. لە راستیدا ئەمە بۆچوون و بیرۆكەی من نییە، چونكە ئایەتوڵا عەلی سیستانی و موقتەدا ئەل سەدریش پشتیوانی لەم بیرۆكەیە دەكەن، تەنانەت عەبادی -یش پشتیوانی خۆی بۆ دەربڕی و بە هەمان شێوە ئەمریكاش پاڵپشتی لێدەكات، واتە هەمووان پشتگیری دەكەن كە حكومەتێك بێت گەندەڵ نەبێت و لە خەڵكانی بەتوانا پێكهاتبێت. ئەگەر نەتوانێت ئەم كارە بكات، ئەوا ئێران كۆنترۆڵی عێراق دەكات. بەڵام ئەگەر بتوانێت سەركەوتوو بێت لە پێكهێنانی ئەم حكومەتەدا، ئەوا پێویستی بە پشتیوانی ئایەتوڵا عەلی سیستانی دەبێت، هەروەها پێویستی بە پشتیوانی موقتەدا ئەل سەدریش دەبێت كە خۆی پشتیوانیی ئەم بیرۆكەیە دەكات، هەروەها رەنگە خانەوادەی ئەلحەكیم-یش پشتیوانی لێبكەن و بە هەمان شێوە كوردیش.

*** پێدەچێت بە گەشبینییەوە بڕوانیتە ئەوەی كە عادل عەبدولمەهدی پشتیوانیی لایەن و پێكهاتە سەرەكییەكانی نێو عێراق بەدەست بهێنێت، پێتوایە دەتوانێت بە هەمان ئەندازە سەركەوتوو بێت لە دەستەبەركردنی پشتیوانیی هێزە دەرەكییە دەستڕۆیشتووەكان لە عێراقدا، یان پێتوایە دەبێت پەیوەندییە دەرەكییەكانی بە چ ئاراستەیەكدا ببات؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییە دەرەكییەكانەوە، من پێموایە پێویستە هەنگاوهەڵبگرێت بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەكانی عێراق بە وڵاتانی سعودیە و كوەیت و ئیماراتەوە ئەم پەیوەندییانەش بكاتە پارسەنگێك بۆ دەستڕۆیشتوویی ئێران، ئەوەندەی من بزانم ئەم وڵاتانە ئامادەی هاوكاریكردنن. لەبەر ئەوە دەبێت لەم رووەوە هەوڵی چڕ و پڕ بدات. من باوەڕم وایە دەكرێت عادل عەبدولمەهدی رووبكاتە سعودیە و پێیان رابگەیەنێت كە ئێوە دەتوانن وەبەرهێنان بكەن، بۆ نموونە دەكرێت كار لەسەر دروستكردنی تۆڕی كارەبا بكرێت لە عێراقدا كە تۆڕێكی سەرتاسەری بێت و لە زاخۆ تاوەكو فاو بگرێتەوە، بەڵام بە نەوتی عێراق بخرێتەگەڕ، كە ئەمەش پرۆژەیەكی گەورە و بودجەیەكی گەورەی ١٠ بۆ ١٥ ملیار دۆلاری دەوێت. مەسەلەیەكی دیكە پەیوەستە بە كێشە و قەیرانی ئاوەوە. دیارە لە كوردستاندا، كێشەی ئاوە بوونی نییە و بگرە لە ناوچە سوننەكانیشدا ئاو كەمتر مایەی كێشەیە، بەڵام لە باشووردا، لە نەجەفەوە تاوەكو بەسرە كێشەیەكی گەورەی ئاو هەیە و ئاوەكەیان پیس بووە. با جارێكی دیكە بگەڕێینەوە بۆ

**پێشبینی ئەوە دەكرێت كە لە ماوەی ساڵێكدا چالاكییەكانی داعش زیاد بكات لە ئەنجامدانی تەقینەوە و كوشتن لێرەو لەوێ، ئەگەرچی رووداوی گەورەو بەرفراوانیش نەبن**

ئەزموونی ئیسرائیل. لە وڵاتی ئیسرائیلدا تەنیا ٩ ملیۆن کەس دەژین، ئەمە لە کاتێکدا تەنیا لە بەشی باشووری عێراقدا ٢٠ ملیۆن کەس دەژین، بەڵام ئیسرائیل توانیویەتی تەنیا لە دەیەی رابردوودا پێنج پرۆژەی گەورە بنیاد بنێت لەسەر کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست بۆ گۆڕینی ئاوی سوێر بۆ ئاوی شیرین، واتە ئەگەر ئیسرائیل رووبەڕووی وشکەساڵیش ببێتەوە، ئەوا هەر ئاوی پێویستمان دەبێت، من ناڵێم ئەمە کارێکی ئاسانە، یان هەرزانە و خەرجییەکی کەمی دەوێت، بەڵکو پێویستی بە خەرجییەکی زۆر هەیە. بەڵام ئیسرائیل هیچ نەوتی نییە و تەنیا بڕە غازێکی کەمی هەیە و توانیویەتی ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەگەرچی ئەمریکاش هاوکاری کرد. لەبەر ئەوە دەکرێت ٥ بۆ ٧ پرۆژەی هاوشێوە لە سەر کەنارەکانی کەنداو دروست بکرێت، نەك کەنارەکانی شەتولعەرەب، لەبەر ئەوەی بە تەواوەتی ئاوەکەی پیس بووە، واتە دەکرێت ئاوی کەنداو پاڵفتە بکرێت و رەوانەی نەجەف و کەربەلا بکرێت. بەغدا ئەم کێشەیەی نییە و ئاوی خۆی هەیە، بەڵام دەکرێت ئەم پرۆژەیە بنیاد بنرێت و ئاو لە فاوەوە بۆ ناوچەکانی باشوور دەستەبەر بکرێت. بەم شێوەیە دەتوانرێت دوو لە کێشە هەرە گەورەکانی عێراق چارەسەر بکرێن، کە ناوچەی باشوور زیاتر بە دەستیانەوە دەناڵێنێت. ئەگەر پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەتوانرێت ئەمە بکرێت، ئەوا وەڵامەکە ئەوەیە بە دڵنیاییەوە دەکرێت، بەڵام دەبێت پەرە بە پەیوەندییەکان بدرێت لەگەڵ سعودیە و کویت و ئیمارات.

*** باشە با جارێکی دیکە پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە دابڕێژینەوە، ئەو هاوسەنگییە چییە کە دەبێت سەرۆك وەزیرانی داهاتوی عێراق بیهێنێتەدی لە نێوان هێزە دەرەکییە دەسترۆیشتووەکانی نێو عێراقدا؟**

- من پێموایە دەبێت هاوسەنگییەکی هەستیار بێنێتەدی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا، واتە نابێت رێگا بدات هیچ یەکێك لەم دوو هێزە مومارەسەی دەسترۆیشتوویی زیاتر بکەن لە عێراقدا. لە ئێستادا ئەمریکا دەسترۆیشتوویی کەم و ئێرانیش کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە عێراقدا و دەبێت ئەمە چارەسەر بکرێت. لەم رووەوە سەرۆك وەزیران دەتوانێت دوو رێگاچارە بگرێتەبەر، یەکەمیان ئەوەیە کە سەرجەم میلیشیاکان هەڵوەشێنێتەوە و پێیان رابگەیەنێت کە سوپاس بۆ هاوکاریتان لە شەڕی تێکشکاندنی داعشدا، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە بەرگی سەربازی فڕێ بدەن و منیش دەرفەتی کارتان بۆ دەڕەخسێنم، رێگایەکی دیکە ئەوەیە کە نیوەی ئەو میلیشیانە رەوانە بکاتەوە و نیوەکەی دیکەشیان ئاوێتەی سوپا بکاتەوە، ئەویش وەك تاکەکەس نەك وەك گرووپ و دەستە. من دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ ئەزموونی ئیسرائیل، لە ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٤٩دا، ئیسرائیل سوپای هەبوو، بەڵام چەند میلیشیایەکی بەهێزیشی هەبوو، لەو کاتەدا سەرۆك وەزیران، دەیڤید بن گۆریۆن پێی راگەیاندن کە دەبێت خۆتان هەڵبوەشێننەوە و وەك تاکەکەس، نەك وەك گرووپ ئاوێتەی سوپا ببنەوە، کە لە کۆتاییدا ناچاری کردن ئەم کارە بکەن و ئەوانیش کردیان. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە سوپای ئیسرائیل ئەوەندە بەهێزە، لەبەر ئەوەی هەموو جۆرە خەڵکێکی تێدایە. کەواتە دەکرێت ئەمە لە عێراقیشدا رووبدات، ئەویش وەك تاکەکەس نەك وەك گرووپە، مەبەستم ئەوەیە نابێت وەك گرووپی «عصائب اهل الحق» یان وەك «سرایا السلام»، کە من پێموایە ئایەتوڵا سیستانی-یش پشتیوانی لەم بیرۆکەیە دەکات، ئەگەر ئەمە بکرێت، ئەوا بە ئەندازەیەکی گەورە دەسترۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا کەم دەبێتەوە. کەواتە دەکرێت ئەم هاوسەنگییە دروست بکرێت و عێراق ببێتە دۆستی ئێران و دۆستی ئەمریکاش بێت. رێگاچارەیەکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەکرێت سەرجەم میلیشیا شیعەکان بکرێنە یەك و بکرێنە گاردی نیشتیمانی بۆ ناوچەی شیعەکان، بە هەمان شێوە دەکرێت ئەم گاردی نیشتیمانییە لە ناوچە سوننەکانیش دروست بکرێت، بەڵام دەبێت بە چەشنی ئەمریکا گاردی نیشتیمانی سەر بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بێت، کە لە ئەمریکا سەرۆکی وڵات و لە عێراقیش سەرۆك وەزیرانە. من دووبارەی دەکەمەوە دەبێت سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق هاوسەنگییەکی هەستیار بپارێزێت لە نێوان ئێران و ئەمریکادا و بە دڵنیاییەوە دەتوانێت ئەم کارە بکات، بەڵام ئەمە بەندە بە پشتیوانیکردنیەوە لەلایەن پەرلەمانەوە، لەبەر ئەوە دەبێت هەوڵبدات ئەمە ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر لە دژی دەنگیان دا، ئەوا دەبێت دەست لەکاربکێشێتەوە و ئەو کاتەش پشێوییەکی تەواو باڵ بەسەر عێراقدا دەکێشێت.

**دەکرێت سەرجەم میلیشیا شیعەکان بکرێنە یەک و بکرێنە گاردی نیشتیمانی بۆ ناوچەی شیعەکان، بە هەمان شێوە دەکرێت ئەم گاردی نیشتیمانییە لە ناوچە سوننەکانیش دروست بکرێت**

جۆشوا لاندیز
سەرۆکی سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئۆکلاهوما:

# پەیوەندییەکانی سووریا لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمیدا بەرەو ئاساییبوونەوە دەچێت

جوشوا لاندیز پرۆفیسۆری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما و لە هەمان زانکۆش بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە لەو زانکۆیە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کۆمەڵگە و کەلتوور لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا. لە توێژینەوەکانیدا زیاتر بایەخ بە کاروباری سووریا دەدات، گوڵان لە میانەیەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵ شرۆڤە کرد کە پەیوەست بوون بە دوایین پێشهات و پەرەسەندنەکانی دۆخی سووریا، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە شرۆڤەکارییەکانی خستەڕوو.



*** وەك كەسێكی شارەزای كاروباری سووریا چۆن لە ڕێككەوتنی ئەم دواییە پەیوەست بە دۆخی ئیدلیب دەڕوانیت؟**

- ئەوەی بەدی دەكرێت ئەوەیە كە سووریا و رووسیا رازی بن بەو دۆخەی لەسەر سنوور هەیە، مەبەستم دروستبوونی ناوچەی لە چەك داماڵدراوە- ناوچەیەكی ٢٠ كم لە چەك داماڵدراو- ئەگەرچی هەندێ لە گرووپە جیهادییەكانیش تا ئێستا نەكشاونەتەوە، بەڵام چەكەكانیان گواستۆتەوەو پێدەچێت لە ئێستا ئەمە قابیلی قبووڵكردن بێت. هەرچەندە ئەمەش بەندە بەوەی ئایا دەستڕێژی لە هێزەكانی پۆلیسی رووسی دەكەن، چونكە بڕیارە هێزی پۆلیسی رووسی و هێزی توركیا ئەم ناوچەیە بپارێزن. لەلایەكی دیكەوە رووسیا و رژێمەكەی ئەسەد رایانگەیاندووە كە ئەمە تەنیا ئاگربەستێكی كاتییە و ئەوان دەیانەوێت تەواوی ئیدلیب كۆنترۆڵ بكەنەوە. كەواتە بە دڵنیاییەوە دوای ماوەیەكی دیكە داوای ئەوە دەكەن یاخیبووان زیاتر پاشەكشە بكەن. كە ئەمەش فشارێكی زۆر لەسەر توركیا دروست دەكات.

*** باشە لێكدانەوەی خۆت چییە بۆ ئەم ڕێككەوتنە، ئایا ئەمە بۆ رژێمەكەی ئەسەد بە سەركەوتن دادەنرێت؟**

- بەڵێ، ئەمە ڕێككەوتنێكی سەركەوتووە، راستە پشێوی باڵی بەسەر رەوشەكەدا كێشاوە، بەڵام ئەمە ڕێككەوتنێكی سەركەوتووە، چونكە ئێمە دەزانین كە تەواوی رەوشەكە زۆر دژوارە، لەبەر ئەوە ئاساییە كە چاوەڕوانی ئاست و ئەندازەیەك لە پشێوی بكەیت.

*** ئاشكرایە لە ئێستادا رژێمەكەی ئەسەد**

**دووبارە ئاوەدانكردنەوەی سووریا كاتێكی زۆری دەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی لایەنە پەیوەندیدارەكان خوازیاری سەقامگیربوونەوەی دۆخەكەو دەستكردنەوە بە جموجووڵی بازرگانی و برەودان بە ئابوورییەكی سەقامگیرن**

**ئێران توانیویەتی زۆرێک لە ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت، چونکە نەک هەر تەنیا هاوکار بوو بۆ مانەوەی ئەسەد، بەڵکو ئەوەتا ژێرخانێکی سەربازی لەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کردووە**

**هەوڵ دەدات پاشەکشە بە رۆڵی ئێران بکات و ئیسرائیلیش بەم ئاراستەیەدا کاردەکات و تەنانەت تورکیاش تا رادەیەکی دیاریکراو بەم ئاقارەدا هەوڵ دەدات**

**ئێران و تورکیا پەرۆشن بۆ ئەوەی ئەمریکا لە باکووری سووریادا نەمێنێت و گومانی تێدا نییە کە ئەمەش هۆکاری بارگرژییەکی بەردەوام دەبێت**

**توانیویەتی دووبارە دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشێکی زۆری خاکی وڵاتەکەیدا بسەپێنێتەوە، ئایا پێتوایە ئەمە ئاماژەیە بۆ کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆیی لەو وڵاتە و یەکلابوونەوەی سەربازییانەی ئەو شەڕە؟**

- بەڵێ، ئەسەد لە سەرکەوتن و بردنەوەدایە، ئەمە گومانی تێدا نییە و زۆربەی جیهانیش چیتر پشتیوانی لە یاخیبووان ناکەن و ئێمە لە هەفتەکانی رابردوودا بینیمان ئەسەد لەلایەن هێزە ئیقلیمییەکانی ناوچەکەوە دەرگای بە روودا کراوەتەوە، ئەوەتا رێگای خێرای نێوان سووریا و ئەردەن کراوەتەوە کە پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشوو کە ساڵانە لە رێگەیەوە بە بەهای ٢ ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکرا. هەروەها رێگای بەرزاییەکانی جۆلانیش کراوەتەوە و ئیسرائیلیش ئەو راستیەی قبوڵکردووە کە ئەسەد گەڕاوەتەوە بۆ ئەو ناوچانە و گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە. وەزیری دەرەوەی بەحرەینیش بە بەرچاوی کامیراکانەوە وەلید ئەل موعەلەمی وەزیری دەرەوەی سووریای لە ئامێز گرت. خودی بەشار ئەسد چاوپێکەوتنێکی دورودرێژی ئەنجامدا لەگەڵ رۆژنامەیەکی کوەیتیدا. کەواتە هەموو ئەم رووداوانە لەگەڵ ئاگربەستەکەی ئیدلیبدا ئەوە دەخەنەڕوو کە هێزە ئیقلیمییەکان ئەو راستیە قبوڵ دەکەن کە ئەسەد دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات.

*** باسی ئەوەتان کرد کە وردە وردە سووریا لە گۆشەگیریەکەی رزگاری دەبێت و دووبارە لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمیدا ئاوێتە دەبێتەوە، ئایا دەکرێت بڵێین دۆخەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێش رووداني شەڕە ناوخۆییەکەی سووریا؟**

- لە راستیدا هەرگیز بە تەواوەتی ناگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە، کە ئاشکرایە ئەمە شەڕێکی تا بڵێی خوێناوی بوو، کە بە سەدان هەزار خەڵکی سووریا کوژراون و بە ملیۆنان خەڵکیش ئاوارە بوون. کەواتە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی سووریا کاتێکی زۆری دەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی لایەنە پەیوەندیدارەکان خوازیاری سەقامگیربوونەوەی دۆخەکەو دەستکردنەوە بە جموجوڵی بازرگانی و برەودان بە ئابوورییەکی سەقامگیرن.

*** ناکرێت ئێمە باسی شەڕی سووریا و**



**ئەگەری کۆتاییهاتنی ئەو شەڕە بکەین و رۆڵ و پشتیوانیی ئێران بۆ ئەسەد نادیدە بگرین، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا یەکلابوونەوەی شەڕەکە لە بەرژەوەندی ئەسەد بە مانای ئەوە نایەت ئێران لە هێنانەدی ئامانجەکانی لەو وڵاتەدا سەرکەوتوو بووە؟**

- بەڵێ، ئێران توانیویەتی زۆرێك لە ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت، چونکە نەك هەر تەنیا هاوکار بوو بۆ مانەوەی ئەسەد، بەڵکو ئەوەتا ژێرخانێکی سەربازی لەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کردووە، لەگەڵ بوونی حکومەتی دۆست بە ئێرانیش لە عێراق و سووریا و لوبنان. ئاشکرایە ئەمریکا هەوڵ دەدات پاشەکشە بە رۆڵی ئێران بکات و ئیسرائیلیش بەم ئاراستەیەدا کاردەکات و تەنانەت تورکیاش تا رادەیەکی دیاریکراو بەم ئاقارەدا هەوڵ دەدات. کەواتە لە ئێستادا ئێران رووبەڕووی فشارێکی زۆر کراوەتەوە، بۆیە ئەوەی لە ئارادایە هەلومەرجێکی دینامیکی و گۆڕاوە،



بەڵام ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن راستە کە ئێران زۆرێك لە ئامانجەکانی بەدەست هێناوە. هەرچۆنێك بێت لە ئێستادا گۆڕینی عێراق و سووریا و لوبنان بۆ نەتەوەیەکی تەندروست و بنیادنانی حکومڕانیی باش لەم وڵاتانە و هێنانەئارای ئابوورییەکی گەشەکردوو تەحەددی داهاتووە و قورسترین تەحەددیش دەبێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە ئێران سەرقاڵی بنیادنانی ژێرخانی ئابوورییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ئەمە زیاتر لە سووریاشدا بەدی دەکرێت، ئایا ئەمە تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە سەربکێشێت بۆ دروستبوونی بارگرژی و بگرە پێکدادانی نێوان ئێران و ئیسرائیل یاخود تەنانەت ئەمریکاش؟**

- بەڵێ ئەمە راستە، بەڵام ئاشکرایە کە رووسیا خوازیاری ئەوە نییە ئەمە رووبدات و پێموانییە ئەسەدیش بیەوێت ئەمە رووبدات و دەیەوێت وڵاتەکەی بنیاد بنێتەوە. بەڵام ئیسرائیل کار لەسەر ئەم پرسە دەکات و گومانی تێدا نییە کە ئەمەش دەبێتە تەحەددیەك بۆ ئێران. بەڵام پێموایە ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر لە سووریادا دەمێنێتەوە، چونکە ئەسەد ناتوانێت بە بێ پشتیوانی ئێران بەردەوام بێت.

*** چۆن لە رۆڵی کوردی سووریا لە ئایندەی کورد لەو وڵاتەدا دەڕوانیت؟**

- ئاشکرایە ئەمە دەبێتە تەحەددییەکی گەورە بۆ ئەسەد، چەند رۆژێك پێش ئێستا وەلید موعەلیم وەزیری دەرەوەی سووریا رایگەیاند کە دوای ئیدلیب روودەکەنە رۆژهەڵاتی فورات، بەڵام پێموایە تاوەکو ئەمریکا لەو ناوچەیە بمێنێتەوە، کە پێدەچێت لە ئێستادا ئەمە نیازی ئەمریکا بێت- بەلای کەمەوە لە ماوەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپدا-، ئەوا زەحمەتە ئەسەد بتونێت ئەم ناوچانە کۆنترۆڵ بکاتەوە. بەڵام ئێران و تورکیا پەرۆشن بۆ ئەوەی ئەمریکا لە باکووری سووریادا نەمێنێت و گومانی تێدا نییە کە ئەمەش هۆکاری بارگرژییەکی بەردەوام دەبێت.

# ئەو حزبەی هەتا خۆ لە قەرەی بدەن گەورەتر دەبێت

ڕۆژێکیان تلە بەردێکی ملهوڕ و خۆپەرست خۆی کێشا بە پارچە شووشەیەکی قەشەنگ و بێگەرددا.

پارچە بەردەکە بە دەم قاقای پێکەنینەوە گوتی: چاك لەت وپەتم کردیت؟!

پارچە شووشەکان لێك رامان و بە تەوسەوە گوتیان: بەخوا بەردێکی کاڵفام و گەوجە، نازانێت ئێمە هەتا پێماندا بکێشن، رۆخی رژد و تیژترمان لێ دەردەچێت ودژمنانمان پتر ئازار دەدەین.


زۆرجار باس لە بەهێزیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت و بە چاوی ئەبڵەقەوە دەڕواننە مانەوەی ئەو حزبە بۆ پتر لە (٧٢) ساڵ لە مەیدانی خەبات هەروا بە بەهێزی و گەشەکردنی، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو هەرجارێك هەوڵی گچکەکردنەوەی دراوە لەلایەن دژمنانیەوە، دەرئەنجامەکەی پێچەوانە بووە و لە بری لاوازبوون ئەو حزبە بەهێزتر بووە لە پێش ئەوەی هێرش بکرێتە سەری، بەڵگەی ئەم قسەیە سێ ڕووداوە لە سێ زەمەنی جیاوازدا کە هەوڵی گچکەکردنەوەی پارتی بەپێچەوانەوە شکاوەتەوە و بەهێزتر و رژدتر لە ئەزموونە تاڵەکان دەرچووە، ئەو روداوانەش بریتین لە:

**١. داستانی هەندرێن:**

لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە پارتی بووەتە لەمپەر و بەر لە پلانی لەناوبردنی کورد و دۆزەکەی دەگرێت، بۆیە دەوڵەتی عێراق سوپایەکی بەهێزی لە جەیش و جاش بەنیازی لەناوبردن، یان گچکەکردنەوەی پارتی گردکردەوە، بەڵام زیندەخەونی دژمنانی ئەو حزبە لە داستانی هەندرێن لە گۆڕ نراو، لە چوار بەش سێ بەشی سوپاکە لاشەیان مەڵاس بوو بە خاکی کوردستانەوە، ئەم داستانە کردیە کارێك کە حکومەتی عێراق لە بری یەك حیساب، هەزار ویەك حیساب بکات بۆ هێزی پارتی، چونکە قەبارەی هێزەکە دیار نەبوو کە لە نێو کەند و لەند و چیاکانی کوردستانەوە بەرپەرچی سوپای نیزامی عێراقی دایەوە، بۆیە دەرئەنجامەکە هەڵگەڕایەوە و ئەو هێرشە بووە مایەی ملدانی حکومەتی عێراق بو ئاگربەست و پاشانیش رێککەوتننامەی (١١ ی ئازاری ١٩٧٠).

**٢. شەڕی ناوخۆ:**

پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان و سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین بۆشاییەکی سەربازی لە باکووری عێراق دروست بوو، بۆیە هەرێمی کوردستان بووە مەیدانی



د. ڕێبین سەلام
دکتۆرا لە یاسای دەستووریدا

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ساغکردنەوەی حیساباتی دەوڵەتانی ناوچەکە و ئێران بە هەنجەتی لێدانی دیموکرات و تورکیاش بە نیازی لەناوبردنی پەکەکە بە ئارەزووی خویان تەڕاتێنیان دەکرد، هەر وەك هەر پارچەیەکی دیکەی دنیا کە غیابی هەژمونی سەربازی دەبێتە کێبڕکێ وململانێ لە پیناو سەقامگیربوونەوەی هاوکیشەکانی هێز، هەرێمی کوردستان پاش سێ سال دووچاری شەڕێکی نەگریسی ناوخۆ بووەوە لە ساڵی (١٩٩٤)دا، ئاگری شەڕەکە تا دەهات گەرمتر دەبوو بە فیتی وڵاتانی ناوچەکە و دەستێوەردانیان، کار گەیشتە ئەوەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە هاوکاریی پەکەکە پەلی پاسدارانی ئێرانیان راکێشا و بە هەمووان چوون بە گژ پارتیدا، تا بە تەواوەتی لە ناوی بەرن و لەم کاتەدا ئەزموونەکەی هەرێمی کوردستان و ناوچەی دژە فڕینیش لەناو دەچوو، چونکە هیچ وڵاتێکی زلهێز قایل نەبوو، ئێرانییەکان هەژمونی خۆ بسەپێنن بەسەر هەرێمی کوردستاندا بە بۆنەی غیابی دەسەڵاتی سەربازییەوە، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیارێکی ژیرانەی دا و هەرێمی کوردستان و ئەزموونەکەی لە تیاچوونێکی حەتمی قوتارکرد لە (٣١ ی ئابی ١٩٩٦) دا و شەڕی ناوخۆ کۆتایی هات.

**٣. داستانی پردێ:**

ریفراندۆمەکەی (٢٥ ی ئەیلوولی٢٠١٧) بە رابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەرزی خستە ئەژنۆی دوژمنانی پارتی و خەڵکی کوردستانەوە و هەمووان دیمان هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق هەرچی بۆیان کرا لە جەیش و حەشد و لەڕێدەرچوو و فەرهوودچی کردیانە سەر هەریمی کوردستان و جارێکی دیکە زیندە خەونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەری هەڵدایەوەو لە (١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) درزیان خستە نێو سەنگەرەکانی پیشمەرگەوە و رێگەیان خۆش کرد بو هێزەکانی دوژمن هەتا بێت و سەرجەم ئەو ناوچانەی کە قەڵەمڕەوی پارتی تێیدا بەهێزە، داگیری بکات و کیانی دەستووری هەرێمی کوردستانیش لە ناو ببرێت، بەڵام دیسان پارتی ئەو پلانە ئیقلیمی و نێوخۆییەی تێکشکاند لە داستانەکانی رۆژی (٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) دا و خەڵکی کوردستانیش لایان دەرکەوت کە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان زامنی راستەقینەی کیانی دەستووریی هەرێمی کوردستانە، بۆیە لە هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستاندا پارتی سەرکەوتنێکی گەورەی دیکەی تومار کرد و خەونی لەت و پەت کردنی خۆی و هەرێمی کوردستانی کردە خەیاڵپڵاوێکی نەزوك و قەتاوقەت بەدینەهاتوو..



**ئەمیر عەبدولخالق**

**بەڕێوەبەری پڕۆژەکانی ڕێگاوبان لە کۆمپانیای هێمن گروپ بۆ گوڵان:**

# دوای تەواوبوونی شەقامی ١٥٠ مەتری پشتێنەی سەوز بە دەوری هەولێردا دروست دەکرێت

# شەقامی ١٥٠ مەتری ئاسانکارییەکی زۆر بۆ هاتوچۆ دەکات و قەڵەباڵغی ناو شاریش کەم دەکاتەوە

**نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە٢٦ /٢٠١٨/٩ بەردی بناغەی بۆ شەقامی ١٥٠ مەتری لە هەولێر دانا، کۆمپانیای هێمن گرووپیش راستەوخۆ دەستی بە قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکە کرد، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ تەواوبوونی زۆربەی کارەکانی شەقامی ١٢٠ مەتری لە هەولێر؛ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پڕۆژە گرنگە بۆ شاری هەولێر چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ئەمیر عەبدولخالق بەڕێوەبەری پڕۆژەکانی ڕێگاوبان لە کۆمپانیای هێمن گرووپ کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** ئێمە دەزانین کە دروستکردنی شەقامی ١٢٠ مەتری لە شاری هەولێر جێگای دەستخۆشی و گرنگی پێدان بووە لەلایەن دانیشتووانی شاری هەولێرەوەو کارەکانیشی بەرەو تەواوبوون دەچێت کە هێمن گرووپ ئەنجامی دەدات، ئێستاش باس لە دروستکردنی شەقامی ١٥٠ مەتری دەکرێت لە هەولێر، دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی باسی گرنگیی دروستکردنی ئەم شەقامە نوێیەمان بۆ بکەیت؟**

- لە راستیدا کۆمپانیای هێمن گرووپ لە کۆمەڵێك سێکتەردا کاردەکات یەکێك لەو سێکتەرانەی کۆمپانیاکەمانی پێ ناسراوە، سێکتەری ڕێگاوبانە، کە لە ساڵی ٢٠٠٩وە دەست بەکار بووین و لەو ماوە کورتەدا توانیومانە هەنگاوی گرنگ بنێین لە بواری ئەندازیاریی ڕێگاوبان و دروستکردنی شەقامی ١٢٠ مەتریش یەکێکە لە دەستکەوتەکانمان، یەکەم قۆناغی لەنێوان ڕێگای هەولێر- موسڵ تاوەکو ڕێگای سەرەکیی هەولێر – سەلاحەدین بە درێژایی ١٥ کیلۆمەتر تەواو بوو، ئێستاکەش لە دوای قۆناغەکانی تەواوبوونی پڕۆژەکەدایین ئەویش ڕێگای نێوان (هەولێر- سەلاحەدین تاوەکو ڕێگای نێوان هەولێر – کەرکووك)ـە کە بەشی یەکەمی لە ساڵی رابردوو تەواو کراوە. سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەشت کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی شەقامی ١٥٠ مەتری، ئەوا دروستکردنی ئەم شەقامە کە بە یەکێك لە پڕۆژە گەورە و ستراتیژییەکانی ڕێگاوبان دادەنرێت، کە بۆ گەشەکردن و فراوانبوونی پایتەختی کوردستان زۆر گرنگە، ئەویش نەك تەنیا لەبەر ئەوەی ئەم شەقامە بازنە گەورەیە بە چواردەوری هەولێردایەو سەرجەم شەقامەکانی پێکەوە دەبەستێتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئاسانکاریش بۆ هاتوچۆکردنی شوفێران دەکات لە کاتی تێپەڕبوونیان بۆ ناوچە و شارەکانی تری کوردستان، ئەم پڕۆژە گەورەو ستراتیژییە لە ٢٠١٨/٩/٢٦ لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەردی بناغەی بۆ دانراوە و ئێستاکە بە درێژایی ١٤ کیلۆمەتر دەست بە کارین لەنێوان شەقامی بەحرکە تاکو شەقامی سەرەکیی نێوان هەولێر – کۆیە، سەرەتا دەستمان بە پاککردنەوەی هەموو خۆڵ و خاشاکەکان کردووە کە دێتە بەردەم ڕێڕەوی شەقامەکە و خۆڵی کشتوکاڵی فڕێ دەدەین و ڕێگای کاتی بۆ هاتوچۆکردن دادەنێین بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە هاتوچۆدا زەحمەتی نەکێشن.

*** هەڵبەتە ئەم شەقامە لە رووی درێژی و فراوانییەوە لە شەقامی ١٢٠ مەتری گرنگترە؛ ئایا دەکرێت لەسەر دیزاین و لایەنی ئەندازەیی پڕۆژەکە وردەکاریی زیاتر بزانین؟**

- شەقامی ١٥٠ مەتری لە هەولێر شەقامێکی بازنەییەو بە چواردەوری شاری هەولێر

**ئێمە بە پێچەوانەی ئەو کۆمپانیا و بیزنسمانانەوە کاردەکەین کە لە کاتی بچووکترین کێشەو گرفت نەک کارەکانیان راوەستاند، بەڵکو وڵاتەکەشیان بەجێهێشت**

**بەهۆی رۆتینەوە فەرمانگە حکوومییەکان لە راپەڕاندنی کارەکانماندا کاریگەریی نەرێنی دروست دەکەن، هیوادارم ئەو رۆتین و لاوازییە لە راپەراندنی کارەکان کەم بێتەوە، چونکە خێرا جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی وا گەورە سوودی بۆ هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگەو بەتایبەتی دانیشتووانی خۆشەویستی شاری هەولێر دەبێت**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی و هاندانێکی زۆر گەورە و گرنگە بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەکە، ئێمە وەکو هێمن گروپ شانازی بەو متمانەیە دەکەین کە بە ئێمەی داوە، هەربۆیە ئێمەش دەمانەوێت لە ئاست و ئەو متمانەو شانازییەدا بین**

**دواکەوتنی دانەوەی قەرزەکە بارقورسی و زەحمەتی زۆری بۆ دروست کردووین، بەتایبەتی بۆ دروستکردنی شەقامی ١٥٠ مەتری کە پارەو بودجەی زۆرتر لە شەقامی ١٢٠ مەتری دەوێت، بەڵام ئێمە هەر کۆڵمان نەداوە و ئێستا بەدوو شەفت بە شەو و ڕۆژ کار دەکەین**

**ئەو ڕێگا سەرەکییانەی دەچێتە دەرەوەی شار بە ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاس چارەسەری دەکەین و خۆمان لە ترافیک رزگاردەکەین و بەردەوامی بە هاتوچۆی ئاسانتر دەدەین**

دەسووڕێتەوە، ئەم شەقامە بەرفراوانییەکەی زۆر زیاترە لە شەقامی ١٢٠ مەتری کە بە درێژایی ١٥٠ مەتری ٧٠ کیلۆمەتر درێژە لە کاتێکدا شەقامی ١٢٠ مەتری ٣٨ کیلۆمەترە و لە دوای شەقامەکەشەوە پشتێنەی سەوزایی جێبەجێ دەکرێت، کە لە ڕووی ژینگەیی و تەندروستییەوە گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری بۆ دانیشتووانی شاری هەولێر و دەوروبەری هەیە، قۆناغی یەکەمی شەقامەکە لەنێوان بەحرکە و شەقامی سەرەکیی هەولێر- کۆیە جێبەجێ دەکرێت و ١٤ کیلۆمەترە و بە گوژمەی ١٣١ ملیۆن دۆلار، کە لەماوەی تەنیا ١٥٠ ڕۆژدا ئەم قۆناغە تەواو دەکەین، ئەم ١٤ کیلۆمەترەی کە بەردی بناغەشی بۆ دانراوە لە دیزاینی یەکەم و سەرەتادا ٣ پرد و ٣ ئەندەرپاس لەخۆ دەگرێت، ئەمەش ئەگەری گۆڕانکاریی و زیادکردنی پرد و ئەندەرپاسەکانی تێدایە، بگرە ڕەنگە پێداچوونەوە و گۆڕانکاری لە دیزاینەکەدا بەپێی پێویستییەکانی پرۆژەکە بکرێت، بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی تەواو و پێشکەوتوو جێبەجێ بکەین.

*** باسی دەستپێکردنی شەقامەکەتان کرد لەنێوان شەقامی بەحرکە و ڕێگای کۆیە، دەکرێت بزانین بۆچی لە قۆناغی یەکەمدا دروستکردنی شەقامی ١٥٠ مەتری لەو شوێنەوە دەستی پێکردووە؟**

- لەبەر گەورەیی و ستراتیژیی پڕۆژەکە پێویستە ڕیزبەندی بۆ شوێنەکان دابنرێت، بۆ نموونە دەبێت ڕەچاوی گەشەکردن و ئاوەدانی شاری هەولێر بکرێت، کاتێك شەقامەکە لە بەحرکەوە بۆ ڕێگای هەولێر کۆیە جێبەجێ دەکرێت، ڕەچاوی ئەو حاڵەتە کراوە، کە چەندین گەڕەك و شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر ڕێڕەوی ئەم شەقامەیە لە کاتێکدا لە زۆربەی شوێنەکانی تر جارێ هێشتا ئاوەدانی پێ نەگەیشتووە، لەلایەکی ترەوە قەڵەباڵغی هاتوچۆ و ئاوەدانی فەرمانگاکانی حکوومی دەکەوێتە سەر، بۆ نموونە فەرمانگەی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر کە ڕۆژانە ٣ تاکو ٤ هەزار ئۆتۆمبێل سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دەکەن، ئەمە وێڕای ئەوەی کە چەندین کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی زۆری لەسەرە، هەروەها ئەو ڕێگا سەرەکییانەی دەچێتە دەرەوەی شار بە ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاس چارەسەری دەکەین و خۆمان لە ترافیك رزگاردەکەین و بەردەوامی بە هاتوچۆی ئاسانتر دەدەین، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆربەی شوفێرانی ئۆتۆمبێل و بارهەڵگرەکان کە دەیانەوێت بچنە ناوچەکانی دیکە، یا بۆ بەشێکی تری هەولێر بڕۆن، لەمەودوا ناچار نابن بێنە ناو شار و قەڵەباڵغی دروست بێت.

*** لەکاتی ئەنجامدانی هەر پڕۆژەیەکی گەورەدا لەقۆناغی جێبەجێکردندا ئاستەنگ و گرفت دێتە بەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، ئایا تاچەند ڕەچاوی هەموو ئەگەرەکان کراوە بەتایبەتی لە ڕووی گۆڕینی نەخشەی دیزاینەوە؟**

- یەکێك لەو خاڵانەی بووە هۆی سەرکەوتنی پڕۆژەی ١٢٠ مەتری ئەوە بوو لە کاتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەدا بە بەردەوام پێداچوونەوەو گۆڕانکاریی بنەڕەتیمان لە دیزاینی ڕێگاکە کردووە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باش و سەرکەوتوو خزمەتی شارەکەمان بکەین، لە شەقامی ١٥٠ مەتریش بەهەمان شێوە بەردەوام پێداچوونەوە و گۆڕانکاریی بنەڕەتی بە دیزاینی پڕۆژەکە ئەنجام دەدەین و پێداچوونەوە بۆ هەموو ئەو کێشەو بەربەستانە دەکەین کە دێتە بەردەم جێبەجێکردنی شەقامەکە، بۆ نموونە لەسەر ئەم شەقامە سەرەکییەی ١٥٠ مەتری حیساب بۆ بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر نەکرابوو، کە ڕۆژانە قەڵەباڵغییەکی زۆری لەسەرە، هەر بۆیە لەسەر حیسابی خۆمان گۆڕانکاریمان لە دیزاینەکە کردووە و بە پرد، یا ئەندەرپاس ڕێگای چوونە ژوورەوەی ئۆتۆمبێل دەکەینەوە، تەنانەت حیساب بۆ پردی پەڕینەوەش نەکراوە، لە کاتێکدا ڕێگای خێرایە و پەرژینی هەیە و ڕێگای پەڕینەوەی خەڵکی نییە، هەر بۆیە پردی پەڕینەوەی بۆ دەکەین.

*** لەکاتی جێبەجێکردنی هەر پڕۆژەیەکدا بەدەستهێنانی هەلی کار خاڵێکی ئیجابیی پڕۆژەکانە، لە دروستکردنی شەقامی ١٥٠ مەتری مەزەندە دەکرێت چەند هەلی کار دەستەبەر بکرێت؟**

- لەشەقامی ١٢٠ مەتری هەلی کار بۆ ٨٠٠ کەس دەستەبەر کراوە، واتا ٨٠٠ خێزان لە هەولێر لێی سوودمەند بووە، ئەمە وێڕای ئەو هەموو کاسبکارو پیشەوەرەی لە کارەکە و لەگەڵ بەڵێندەرە لاوەکییەکان سوودمەند بوون، لەئێستادا قۆناغ بەقۆناغ تا کۆتایی کارەکانی شەقامی ١٢٠ مەتری هەموو ئەو کرێکارو ئەندازیار و کاسبکار و شوفێرانە دەگوازینەوە بۆ سەر پرۆژەی شەقامی ١٥٠ مەتری واتا لەگەڵ تەواوبوونی ١٢٠ مەتری ئەو ٨٠٠ کەسە بێکار نابن و لە کارەکانیان بەردەوام دەبن.



*** لەم قەیرانە داراییەو لەگەڵ نەبوونی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان تاچەند توانیوتانە هاوکاری حکومەت بن؟**

- کۆمپانیای هێمن گروپ لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار گرێبەستی کردووە، ئەم پڕۆژەیە بە شێوەی قەرز ئەنجام دەدەین، لە کاتێکدا کۆمپانیاکانی دیکە لە کاتی ئەنجامدانی هەر بەش و قۆناغێکدا دەبێت گوژمەی تێچووی ئەو بەشە، یاخود ئەو قۆناغەی پڕۆژەکە کە تەواو بووە، پارەکە وەربگرن، ئێمە ڕەچاوی بارودۆخی دارایی کوردستانمان کردووە و لەساڵی ٢٠١٥بەشێکی پرۆژەکە تەواو کراوەو کۆمپانیاکەمان موستەحەقاتی خۆی وەرنەگرتووە و لە ٢٠١٦ و ٢٠١٧ بەشێکی دیکەمان تەواو کردووە و بەهەمان شێوە پارە وەرنەگیراوە، لە ٢٠١٨ هەموو پرۆژەی شەقامی ١٢٠ مەتری تەواو دەکەین بەتێچوونی ٣١٢ ملیۆن دۆلارە کە لەم موستەحەقاتە تا ئێستا تەنیا ١٨ ملیۆن دۆلارمان وەرگرتووە، دواکەوتنی دانەوەی قەرزەکە بارقورسی و زەحمەتی زۆری بۆ دروست کردووین، بەتایبەتی بۆ دروستکردنی شەقامی ١٥٠ مەتری کە پارەو بودجەی زۆرتر لە شەقامی ١٢٠ مەتری دەوێت، بەڵام ئێمە هەر کۆڵمان نەداوە و ئێستا بەدوو شەفت بە شەو و ڕۆژ کار دەکەین، تاوەکو بەخێرایی کارەکان لەوادەی خۆیدا تەواو بکەین، لە شەقامی ١٥٠ مەتریش بەهەمان شێوە بە دوو شەفت کار دەکەین.

*** تاچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی و هاوکارن لە سەرکەوتنی پڕۆژەی شەقامی ١٥٠ مەتری لە هەولێر؟**

- ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی و هاندانێکی زۆر گەورە و گرنگە بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەکە، ئێمە وەکو هێمن گروپ شانازی بەو متمانەیە دەکەین کە بە ئێمەی داوە، هەربۆیە ئێمەش دەمانەوێت لە ئاست و ئەو متمانەو شانازییەدا بین، هەروەها جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە پێشکەشکردنی ئاسانکاری و هاوکاری درێخی نەکردووە، ئەگەرچی بەهۆی ڕۆتینەوە فەرمانگە حکوومییەکان لە ڕاپەڕاندنی کارەکانماندا کاریگەرسی نەرێنی دروست دەکەن، هیوادارم ئەو ڕۆتین و لاوازییە لە راپەراندنی کارەکان کەم بێتەوە، چونکە خێرا جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی وا گەورە سوودی بۆ هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگەو بەتایبەتی دانیشتووانی خۆشەویستی شاری هەولێر دەبێت، لە هەموو دونیا شەقام و ڕێگاوبانەکان بەشێکی گرنگ و شادەماری پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیی وڵاتە. ئێمە بەپێچەوانەی ئەو کۆمپانیا و بیزنسمانانەوە کاردەکەین کە لە کاتی بچووکترین کێشەو گرفت نەك کارەکانیان راوەستاند، بەڵکو وڵاتەکەشیان بەجێهێشت.

**لەشەقامی ١٢٠ مەتری هەلی کار بۆ ٨٠٠ کەس دەستەبەر کراوە، واتا ٨٠٠ خێزان لە هەولێر لێی سوودمەند بووە، ئەمە وێڕای ئەو هەموو کاسبکارو پیشەوەرەی لە کارەکە و لەگەڵ بەڵێندەرە لاوەکییەکان سوودمەند بوون**